جۆیس ئار ستار
دانییێل سی ستۆل

# سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە سەرچاوەکانی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

وەرگێڕانی
شوان پێنجوێنی



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

جۆیس ئار ستار
دانییێل سی ستۆل

# سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە سەرچاوەکانی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

وەرگێڕانی
شوان پێنجوێنی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

**Email: Fered 1956@yahoo.com**


- جۆیس ئار ستار و دانییێل سی ستۆل
- سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە سەرچاوەکانی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
- وەرگێڕانی: شوان پێنجوێنی
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
- سلێمانی ٢٠٠٩
- ژمارەی سپاردن: (١٤٤١)ی ساڵی ٢٠٠٩
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ٩/٧٣/٦

# پێشەكی

مانگی ئازاری ئەمساڵ كۆنفرەنسێكی نێودەوڵەتی لەئیستانبوڵ لەتوركیا بەسترا كەیەكێ لەئەركە گرنگەكانی تاوتوێ كردنی كێشەی كەم ئاوی بوو لەناوچەكەدا. ئەم كۆنفرەنسەو چەندین كۆنفرەنسی تری پێش ئەم كۆنفرەنسە بەڵگەی هەست كردنن بەگەورەیی‌ی كێشەكەو پێشبینی كردنی خراپتربونیشی دەكەن.

قەیرانی ئاو لەناوەڕۆكدا پەیوەندیی بەبڕی ئاوەوە نیە بەڵكو وردتر و بەشێوەیەكی تایبەت پەیوەندیی بەبڕی ئاوی شیرینەوە هەیە. ئاو دوو لەسەر سێی گۆی زەمینی داپۆشیوە كەچی ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی زەمین كێشەی كەم ئاوییان هەیە. راپۆرتی ئەمساڵی رێكخراوی یونسكۆش جەخت دەكاتە سەر ئەو ناوچانەی كەنەیانتوانیوە پێداویستیی ئاوی خۆیان دابین بكەن. یونسكۆ لەهەوڵدایە تاكو تا ساڵی ٢٠١٣ بتوانی چارەسەری گونجاو بۆ هەندێ لەگیروگرفتە كۆمەڵایەتی‌و ژینگەیی‌یەكان بدۆزێتەوەو لەم روەوە بەشێكی گرنگی هەوڵ‌و تەقەللاكانی خۆی بۆ كێشەی كەم ئاوی تەرخان كردووە. یونسكۆ لەراپۆرتەكەیدا پێشبینی دەكا تا ساڵی ٢٠٣٠ دەوروبەری ٤٧٪ی دانیشتوانی گۆی زەمین توشی قەیرانێكی سەختی كەم ئاوی ببن‌و ئەم قەیرانەش چەند گرفتێكی گەورەی لێ دەكەوێتەوە وەك كۆچی بەكۆمەڵ لەناوچە بێ ئاوەكانەوە بەرەو ناوچەكانی تر. ئەم پێشبینییە یونسكۆی هانداوە داوا بكا سەرمایەگوزارییەكی زۆرتر بۆ پاراستنی داهاتی ئاوو پەرەپێدانی سەرچاوەكانی تەرخان بكرێ‌و بەگوتەی یونسكۆ هەر دۆلارێك كە لەئاو دەخرێتە گەڕ لەنێوان ٣ دۆلارو ٣٤ دۆلار دێنێتەوە.

راپۆرتەكەی یونسكۆ لەپشت بەستنیدا بەوەی كەكشتوكاڵ ٧٠٪ی داهاتی ئاو بۆ خۆی دەبا، سەرنج بۆ ئەوە رادەكێشێ كە كەم بارانی‌و وشكەساڵی‌و دابەزینی ئاستی ئاوی روبارەكان جگە لەوەی كەكار دەكەنە سەر كشتوكاڵ، هەروەها دەبنە

هۆی زیادبونی نرخی بەروبومی کشتوکاڵیش. کێشەکە لەوە دایە کەزۆر ئەستەمە بەم شێوازانەی ئێستا ئاوی شیرین بەبڕی ٦٤ ملیار مەتر سێجا بۆ زیادەی ساڵانەی ٨٠ ملیۆن کەس لەجیهاندا دابین بکرێ.

ڕەوشی ئێستای ئاو باش نیە. بەپێی راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوانی جیهان کەدەکاتە نزیکەی دوو ملیار کەس ئاوی خاوێنی خواردنەوەیان چنگ ناکەوێو ٤٠٪ یش خزمەتگوزاریی ئاوی پاشەڕۆیان پێ نەگەیشتوە. جگە لەمە، دوو کێشەی تریش هەن کەپەیوەندییان بەئاوەوە هەیە. یەکەمیان، کێشەیەکی سیاسییەو پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەهەندێ لەدەوڵەتان ئاو وەك کارتێکی گوشار لەدژی دەوڵەتانی تر بەکار دێنن، یاخود وەك چەکێك لەمانۆرە سیاسییەکاندا هانای بۆ دەبەن، یاخود نایانەوێ هیچ رێککەوتننامەیەك بۆ دابەشکردنی ئاوی روبارە نێودەوڵەتییەکان ئیمزا بکەن. کێشەکەی تر دوراییەکی ئابوریی هەیە، ئەویش سەرهەڵدانی هەندێ بۆچونە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کەکێشەی ئاویان نیە، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو وەك کەرەستەیەکی ئابوریو فرۆشتنی وەك چۆن هەر کەرەستەیەکی تر دەفرۆشرێ.

لەڕاستیدا کێشەی ئاو یەکێکە لەو کێشانەی کەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو چەند ناوچەیەکی تری جیهان دوچاری بووە. ئەم کێشەیە چونکە تێکەڵ بەململانێی سیاسی بووە، زۆر زەحمەتترو دژوارتر بووەو چارەسەرکردنی ئاسان نیە. دەشێ تەکنەلۆژیا بەشێکی گرنگی گیروگرفتەکە چارەسەر بکات بەڵام گرانیی تەکنەلۆژیا کارێکی وا دەکا تەنها دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بتوانن بەباشی سودی لێ وەربگرن.

ئەگەرچی ئێستا بەشێوەیەکی کراوەتر باس لەکێشەکانی ئاو دەکرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کەلایەنەکان هاوڕان. ئەوەی ئەمەش باشتر رون دەکاتەوە ئەوەیە کەکۆنفرەنسەکەی ئیستانبول بۆچونی زۆر جیاوازی سەبارەت بەکێشەی ئاو دەرخستو لەو کۆنفرەنسەدا هەر یەك لەفەرەنساو ئیسپانیاو چەند دەوڵەتێکی ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین هەوڵیاندا هەندێ دەستەواژەی ناو بەیاننامەی کۆتاییی کۆنفرەنسەکە بگۆڕنو مەسەلەی بەدەست هێنانی ئاوی پاك بۆ

خواردنەوە لەپێداویستییەکی بنچینەییەوە بکـەن بـەمافێکی بنچـینەییو بـەم پێودانگە کۆنفرەنسەکە نەیتوانی چەمکی مافی بەدەست هێنانی ئاو وەك بەشێك لەمافەکانی مرۆڤ لەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییە گرنگەدا بچەسپێنێ.

ئەم کتێبەی جۆیس ئار. ستارو دانییێل سـی. سـتۆل زانیـاریی وردی دەربـارەی کێشەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدایەو لەهەمان کاتیشدا ڕوانینـی ئـەمریکا سەبارەت بەم کێشەیە ڕون دەکاتەوە. وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەشێکە لەهەوڵدان بۆ سەرنج ڕاکێشان بەلای مەترسیداریی کێشەی کەم ئاوی لەناوچەکەدا کەپێشبینی دەکـرێ لـەم سـەدەیەدا زۆر تەشـەنە بسـەنێو ئەگـەر چارەسـەری گونجـاوی بـۆ نەدۆزرێتەوە پێشبینی دەکرێ ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە.

کوردستان بەدەر نیە لەم کێشەیە، بەتایبەتی کەزۆربەی سەرچاوەکانی داهاتی ئاوی هەرێم لەدەرەوە دێنو ئەمەش ڕەوشێکی وا دروست دەکا کە باڵادەستی زیاتر بۆ ئەو ولاتانـەی بـێ کەدەوڵـەتی سەرچـاوەن. جگـە لەمـە، زیـادبونی ژمـارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانو هەوڵە تەرخانکراوەکان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەهەرێم دا، کارێکی وەهـا دەکـەن کەهـەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بـەبڕێکی زۆرتری ئاو هەبێ. جگە لەوەش، پێویستە لەسەر حکومەتو دەزگا پەیوەندارەکان لەئێسـتاوە کـار بـۆ بلاوکردنـەوەی کـەلتوری دەسـت بـەئاوەوە گـرتن بکـەنو لەکشـتوکاڵیش ئـەو شـێوازانە بـەکار بێـنن کەنابنـە هـۆی بـەفیڕۆدانی ئـاو. لەهەموشی گرنگتر ئەوەیە کەهەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بەسـتراتیجێکە بـۆ پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو کەئەمەش ئـەرکی حکومـەتو دەزگـا پەیوەنـدارو دامەزراوە زانستیو ئەکادیمییەکانە.

وەرگێڕ

## بەشی یەکەم

# تێڕوانینێکی گشتی بۆ کێشەی ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەکۆتاییی سەدەی رابردودا پێشبینی دەکرا لەساڵی ٢٠٠٠ بەولاوە ئاو نەك نەوت ببێتە بابەتی سەرەکیی باسەکانی تایبەت بەسەرچاوە سروشتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئینستیتوی وۆرڵد وۆچ وای دەبینێ کە ((سەرەڕای تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و داهێنانی ئەندازەیی جوان بەڵام مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژی ئاو بۆ زۆربەی ولاتانی دنیا وەك مەسەلەیەکی سەختو دژوار دەمێنێتەوە. لەم بارەیەوە شیکردنەوەکان بۆ هەر یەك لەمیسر، سوریا، ئوردون، ئیسرائیل، لێواری رۆژئاوا، کەرتی غەززەو عیراق هەڕەشە ئامێزو مەترسیدارنو ئەگەر هاتو نێونجەکانی ئێستای بەکارهێنانی ئاو لەم ولاتانە لەسەر ئەم شێوازەی ئێستا بەردەوام بن، کەمیی بڕی ئاوی بەردەست، سەرباری خراپبونی کوالیتیی ئەم ئاوە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێبڕکێو ململانێیەکی ئومێدبڕانەی زۆرتر لەم دەڤەرەدا.

### حەوزی روباری ئوردون

نێونجی ساڵانەی ئاوپێداڕۆیشتنی روباری ئوردون کەسەرچاوەکەی لەبانەکانی سوریاو لوبنانە، دەوروبەری ١٢٨٧ ملیۆن مەتر سێجایە. روباری یەرموك کەروبارێکی سەرەکییەو دەڕژێتە ناو روباری ئوردون، سنوری نێوان ئوردونو سوریا پێك دەهێنێتو لەهەمان کاتدا لەناوچەی سێگۆشەی یەرموك ئوردون لەئیسرائیل جوێ دەکاتەوە. خودی روباری ئوردون سنوری لێك جیاکەرەوەی نێوان

ئوردون‌و ئیسرائیل پێك دێنێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە کە لەساڵی ٢٠٠٠ بەولاوە ئیسرائیل بەڕێژەی ٣٠٪ زۆرتر پێویستی بەئاو دەبیٚ‌و ئوردون بەڕێژەی ٢٠٪ کەموکوڕیی لەبواری ئاودا دەبیٚ.

سەبارەت بەپەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاوی ئەم ناوچەیە، ئەوەی تائێستا کراوە ئەوپەڕی بەگەڕخستنی بەشی سەرەوەی روباری ئوردونەو ئەگەر هاتو پێشکەوتن لەجێبەجیٚ کردنی پرۆژە پێنشیارکراوەکەی بەنداوی وحدە هاتە دی، ئەوا دەبیٚ ئەوسا سود لەو تاکە روبارە وەربگیرێت کەدەڕژێتە ناو روباری ئوردون‌و هێشتا بەچاکی سودی لیٚ وەرنەگیراوەو لێرەدا مەبەست روباری یەرموکە.

لەلایەکی دیکەوە کوالیتیی ئاوی سەر زەمین‌و ژێر زەمین لەم ناوچەیە زۆر بەخێرایی بەرەو تێکچون دەچیٚ. ئەم مەسەلەیەش پێویست بەچارەسەرکردنێك دەکا لەبواری بەکارهێنانی ئاو بۆ کاروباری ناومالاٚن‌و پیشەسازی، سەرباری بواری بوژاندنەوەو دەرخواردانی ئەمبارەکانی ئاوی ژێر زەوی‌و چاودێری کردنی کوالیتییەکەی. پسپۆڕەکان لەسالاٚنی نەوەددا لەو بڕوایەدا بون کە لەساڵی ١٩٩٥دا هەر یەك لەئوردون‌و ئیسرائیل دەچنە سەر بەگەڕخستنی تەواوی سەرچاوە تازەوەبووەکانی ئاوی خۆیان‌و تەنانەت دەگەنە قۆناغێکی ناسکی بەگەڕخستنی سەرچاوە ناتازەوەبووەکانی ئاوەکانیشیان، مەگەر بتوانن خێرا خۆیان بەڕێوشوێنی تر قەرەبو بکەنەوە.

لەوانەیە هۆی کێبڕکێی ئاو پەیوەندیی بە بەردەوامبونی سوریاوە هەبیٚ لەسەر جێبەجیٚ کردنی پرۆگرامەکانی بۆ گەشەپێدانی بەشی سەرەوەی روباری یەرموك چونکە ئەم گەشەپێدانە لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبونی خویٚ لەبەشەکانی خوارەوەی روباری یەرموك‌و روباری ئوردون‌و دابەزینی ئاستی ئاو لەکەناڵی شێوەکانی رۆژهەلاٚتی ئوردون، سەرباری دابەزینی ئاستی ئاوی دەریای مردوو. لەڕوانگەی ستراتیجەوە، ئەم هەوڵ‌و کۆششانەی سوریا کەهەوڵ‌و کۆششی درێژخایەنن لەوانەیە کار بکەنە سەر ئەندازەی سود وەرگرتنی ئوردون لەڕوباری یەرموك کەئوردون سودی لیٚ وەردەگریٚ بۆ ئاودێریی ناوچەی شێوەکان. هەروەها لەوانەیە پرۆگرامەکانی سوریا کار بکەنە سەر بڕی ئەو ئاوەی کەئیسرائیل

لەبەشەكانی خوارەوەی روباری یەرموك بۆ بەكاربردن سودی لێ وەردەگرێ. هەمو ئەمانەش لەكۆتاییدا دەبنە هۆی زیادكردنی گرژیو تەنانەت رەنگە بەشێوەیەكی دراماتیكی ململانێیەكی چەكداریان لەنێوان هەمو لایەنەكان لێ بكەوێتەوە.

## ئیسرائیل

ئیسرائیل ئاو لەحەوزی روباری ئوردونەوە دەباتە ناوچەكانی رۆژئاوا لەڕێی ئەو رایەڵە سەرەكییەی ئاو كەپێی دەوترێ ((بۆریی نیشتمانیی گواستنەوەی ئاو)). ئێستا ئیسرائیل نزیكەی ٩٥٪ی داهاتی خۆی لەئاوی تازەوەبوو (كەبەدەوروبەری ١٧٥٥ ملیۆن مەتر سێجا لەساڵێكدا مەزەندە دەكرێ) بەكار دەهێنێ. تاكی ئیسرائیلی پێنج ئەوەندەی تاكی دەوڵەتانی دراوسێ ئاو بەكاردێنێو ئێستا ئیسرائیل لەساڵێكدا نزیكەی ١٧٥٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو بەكار دێنێ.

ئەگەرچی ئیسرائیل توانیویەتی بەڕێژەی ١٥٪ بڕی بەكارهێنانی ئاو لەكشتوكاڵ كەم بكاتەوە بەڵام بە داگرتنی بڕەكە زۆر نەیتوانیوە گوشاری سەر داهاتی بەردەستی ئاو كەم بكاتەوە. ئەگەر مەزەندەكارییەكان راستو دروست بن، ئەوا لەساڵی ٢٠٠٠ بەولاوە ئیسرائیل بایی دەوروبەری ٨٠٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو لەساڵێكدا توشی كورتهێنان دەبێ. ئەم بڕەش تا ڕادەیەك بەقەد نیوەی نیوەی بەكارهێنانی ئێستای ئاو دەبێ. جا لەبەر ئەوەی رێژەی ٧٥٪ی سەرجەمی بەكاربردنی ئاو لەئیسرائیل بۆ كشتوكاڵ تەرخان كراوە، دەبێ وای بۆ بچین كەهەر كەمكردنەوەی گونجاوی بەكارهێنانی ئاو بۆ كاروباری كشتوكاڵ دەشێ توندوتیژیی قەیرانەكەی كەم بكاتەوە.

لەو روانگەیەشەوە كەبەرژەوەندیی كشتوكاڵ رۆڵێكی گەورەی لەسیاسەتو ئابوریی ئیسرائیلدا هەیە، ئەوا ئەم رێگە چارەیە پێناچێ هانای بۆ ببردرێ.

## ئوردون

تۆمەس ناف، لەزانكۆی بنسلڤانیا، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كەئوردون لەساڵی ١٩٨٥ دا نزیكەی ٨٧٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی بەكار بردوە.

لەكۆتاییی سەدەی رابردو پێشبینی دەكرا بۆ ساڵی ٢٠٠٠ ئوردون پێویستی بەئاوێكی زۆتر بێو ئەم پێویستییە بگاتە رادەی ١٠٠٠ ملیۆن مەتر سێجا لەساڵێكدا. ئەمەش بەمانای كورتهێنانی ئاو دێ بەبڕێك دەشێ بكەوێتە نێوان ١٧٠و ٢٠٠ ملیۆن مەتر سێجا لەساڵێكدا. ئوردون دەوروبەری ١٣٠ ملیۆن مەتر سێجا لەئاوی روباری یەرموك بۆ كاروباری ئاودێری كردنی ناوچەكانی دۆڵی ئوردون بەكار دێنێ.

هەر یەك لەئوردونو سوریا رێككەوتننامەیەكیان بۆ دروست كردنی بەنداوی وەحدە لەناوچەی مقارن ئیمزا كردوەو پێشنبینی دەكرێ ئەم بەنداوە بتوانێ نزیكەی ٢٢٠ ملیۆن مەتر سێجا ئاو پاشەكەوت بكا. بەرزیی بەنداوەكەش دەگاتە ١٠٠ مەتر. هەروەها پێشبینی دەكرێ دروست كردنی بەنداوەكە ببێتە مایەی بەردەوامبونی ئاو پێدارۆیشتنی روباری یەرموكو فراوان كردنی پانتاییی بەراوی دۆڵی ئوردونو دابین كردنی ئاو بۆ شارو گوندو پرۆژە پیشەسازییەكانی ناوچە بڵندەكانی ئوردن. لەلایەكی ترەوە. ئەم رێككەوتننامەیە سنورێكیش بۆ نەخشەكانی پەرەپێدانی سوریا لەسەر روباری یەرموك دادەنێت.

## سوریا

بەپێی نەخشەكانی پەرەپێدانی تایبەت بەرِوباری یەرموك، سوریا بەنیازە چەند بەنداوێكی بچوكو مامناوەندی دروست بكات كە لەكۆتاییدا دەبنە هۆی گلدانەوەی ٤٠٪ی ئاوی روبارەكە، ئەویش ئەگەرهاتو خاڵەكانی رێككەوتنەكەی لەگەڵ ئوردون جێبەجێ نەكرا.

ئەم نەخشانەی سوریا، ئەگەر رێككەوتنەكە جێبەجێ نەكرا، دەوروبەری دە ساڵێكیان دەوێو دەبنە مایەی زیادبونی كێبڕكێو هەوڵدان بۆ گل دانەوەی زۆرترین بڕ لەو ئاوەی كەبەردەوام لەكەم بونەوەدایە.

بەنیسبەت ئوردون، ئەگەر سوریا رێژەیەكی زۆری ئاوی روباری یەرموكی گل دایەوە، ئەوا بڕێكی زۆر ئاوی لەكیس دەچێو ئەم برە ئەمڕۆ بۆ كشتوكاڵی ناوچەی دۆڵی ئوردون سودی لێ وەردەگرێو هەندێكیشی بۆ خواردنەوەو پیشەسازیی ناوچەكانی ئیربدو عەممان سودی لێ وەردەگرێ.

## لێواری رۆژئاواو کەرتی غەززە

ئەمڕۆ هەمو یەدەکی ئاوی لێواری رۆژئاوا بەکار دەهێنرێ، ئەویش بەڕێژەی ٤,٥٪ بۆ لێواری رۆژئاواو ٩٥,٥ بۆ ئیسرائیلو بەپێی زانیارییەکانی نامیلکەیەکی پڕۆژەی بانکی زانیاریی لێواری رۆژئاوا. ئەم نامیلکەیە باس لەوە دەکات کەدەزگا بەرپرسەکانی ئاوی لێواری رۆژئاوا بەنیازن ١٣٧ ملیۆن مەتر سێجا ئاو بۆ دانیشتوانی عەرەبی لێواری رۆژئاوا تەرخان بکەن کەژمارەیان دەگاتە دەوروبەری یەك ملیۆن کەسو هەروەها ١٠٠ ملیۆن مەتر سێجای تر بۆ کۆچکەرە جولەکەکان کەژمارەیان نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس دەبێ. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا، کۆچکەرە جولەکەکان بەڕێژەی دەوروبەری سێیەك زیاتر لەو بڕە ئاوەیان بەکارهێنا کەبۆیان دیاری کرابوو.

بەنیسبەت کەرتی غەززە، رەوشی ئاو لەوێ وەها باس کراوە کە((بۆمبێکی مینڕێژکراوەو کتوپڕ دەتەقێتەوە)). لەڕاستیدا لەو ناوچانەی کە ئاوی ژێر زەوی تیایاندا کۆ دەبێتەوەو پێداویستیی ناوچەکەیان پێ دابین دەکرێ، پاشەکەوتی ئاوی ژێر زەویی کەرتەکە بەرەو چۆڕبڕبون دەڕوا.

سالّی ١٩٨٥ لەبەر زیاد بەکارهێنانی ئاو لەمالاّنو بۆ کشتوکالّ، نزیکەی ٥٠٪ی ئاوی ژێر زەوی چۆڕبڕ بوو. دەرهێنانی ئاوەکە بەبڕێکی زۆر بوە هۆی ئەوەی کەئاوی سوێری دەریا دزە بکاتە ناو ئەمبارەکانی ئاوی ژێر زەوی.

رێژەی دزەکردنی ئاوی سوێر بۆ ناو ئاوی ژێر زەویی کەرتی غەززە رێژەیەکی ئێجگار بەرزەو بەکارهێنانی دەرمانی مێشومەگەزکوژ کە تا دێ زێدەتر پەنای بۆ دەبرێو هەروەها بەکارهێنانی پەینی کیمیایی، بۆتە سەرچاوەیەکی دیکەی پیسبونی ئاوی ژێر زەویی کەرتەکە.

هەروەها دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێت کەهەندێ لەشارەکانی کەرتەکە رایەلّی ئاوی پاشەڕۆیان نیە. بەپێی راپۆرتێکی حکومەتی ئیسرائیل دەربارەی بەڕێوەبردنی مەدەنیی لێواری رۆژئاواو کەرتی غەززە، ئاوەڕۆکانی ئەم ناوچانە لەوانەیە ئەمبارەکانی ئاوی ژێر زەوی تێك بدەن. راپۆرتەکە هشداری داوە کە ((ئەگەر رێگە چارەیەکی خێرا نەدۆزرێتەوە، ئەوا ئەم گرفتە زیانێکی گەورەی لێ

دەکەوێتەوەو ئەوسا ئـەو بـڕە پـارە زۆرەی بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتەکـە تـەرخان دەکرێ، زۆر لەوەی ئەمڕۆ زۆرتر دەبێ)). دانانی سیستمێکی نوێی ئاوەڕۆ لەکەرتی غەززە پێویستی بەدەورووبەری ١٦ ملیۆن دۆلارە بەحیسابی ئـەمڕۆ. دە سـاڵێکیش دەبێ ئیسرائیل هیچ پارەیەکی بۆ چاککردنی کەرتی ئاوو ئاوی پاشـەڕۆی کـەرتی غەززە تەرخان نەکردووە. تائێستا ڕێکخراوەکانی نەتەوە یـەکگرتووەکانو هەنـدێ لەوەبەرهێنەرەکانی ترو ئاژانسـی پەرەپێـدانی نێودەوڵـەتیی ئـەمریکیو هەنـدێ لەڕێکخراوە ناحکومەییەکان زۆر هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتەیان داوە بـەڵام نەیانتوانیوە گرفتەکە بەیەکجاری چارەسەر بکەن.

## حەوزی هەردو روباری دیجلەو فورات

هەر یەك لـەدو روبارەکـەی دیجلـەو فـورات لـەکێوەکانی ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا هەڵدەقوڵێن. روباری فورات بەسوریاو عیراقدا تێدەپەڕێو دەڕژێتـە نـاو کەنـداو، لەکاتێکـدا روبـاری دیجلـە راسـتەوخۆ بەعیراقـدا تێدەپـەڕێو چـەند چـەمێکی کێوەکانی زاگرۆسی ئێرانیش دەڕژێنە ناوی، ئەویش دەڕژێتە ناو کەنداو. پانتاییی ئەو سەرزەمینەی کەهەردوو روبار پێیدا تێدەپەڕ دەبن دەگاتە ٤٣٠ هـەزار میلـی چوارگۆشەو نێونجی ئاوپێداڕۆیشتنی روباری دیجلە لەیەك سـاڵدا دەگاتـە ٤٢٢٣٠ ملیۆن مەتر سێجا، لەکاتێکدا نێونجی ئاو پێداڕۆیشتنی ساڵانەی روباری فـورات ٣١٨٣٠ ملیۆن مەتر سێجایە.

گیروگرفتەکانی تایبەت بەکەمیی بڕی ئاوو خراپیی کوالیتییەکەی لەهەر یەك لەسوریاو عیراقو سوریا مشتومڕێکی زۆریان لەسەر دەکرێ.

## تورکیا

نەخشە گەورەکانی پەرەپێدانی تورکیا، بەتایبەتی پڕۆژەی باشـوری ڕۆژهـەڵاتی ئەناتۆلیا (گاپ) دەبنە هۆی کەم کردنەوەی بڕی ئاوی روباری فـورات کەئەمـەش دەمو دەست کار دەکاتە سەر هەر یەك لەعیراقو سـوریا. پڕۆژەکـانی پەرەپێـدانی هەر سێ وڵاتیش بەشێوەیەکی فرە خراپ کار دەکەنە سەر کـوالیتیی ئـاوی سـەر

زەوی‌و ئاوی ژێر زەوی‌و دەبنە مایەی کەمبونەوەی ئاوی تەرخانکراو بۆ کاروباری ناومالأن‌و کشتوکاڵ. لەوانەیە گیروگرفتەکە چەشنە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، بەتایبەتی کەتورکیا لەسالأنی نەوەددا پێشنیاری کردبوو ژمارەیەك لەدەوڵەتانی رۆژهەلأتی ناوەڕاست ببنە شەریکی لەسەرچاوەکانی ئاوی زۆرو زەوەندی هەردو روبارەکەی جەیهان‌و سەیهان، ئەویش لەڕێی پڕۆژەی بۆریی ئاوی ئاشتییەوە بەلأم شارەزاکان بەگومانن لەسودی سیاسی‌و ئابوریی ئەم پڕۆژەیە.

### سوريا

ئەستەمە بتوانرێ رەوشی سوریا هەڵبسەنگێنرێ چونکە ئێستا سوریا هیچ پڕۆژەی لەبەر دەستدا نیەو هیچ ئاژانس‌و دامەزراوەی حکومیی لەبابەتی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)و دامەزراوەی جیهانیی تری تەنانەت وەك بانکی نێودەوڵەتانیش نیە. ئەو داتاو زانیارییانەش کەسەبارەت بەپڕۆژەکانی ئاوی سوریا پەخش دەکرێن، حکومی سوریا زۆر بەوردبینی چاودێرییان دەکا. لەکۆتاییی سەدەی رابردوودا، شارەزایان لەو بڕوایەدا بون کەبۆ ساڵی ٢٠٠٠ کورتهێنانی ئاو لەسوریا دەگاتە دەوروبەری هەزار ملیۆن مەتر سێجا، ئەمەش ئەگەر هاتوو نێونجەکانی بەکارهێنانی ئاو وەکو خۆیان بمێننەوە. سوریا تا دێ زیاتر گیرۆدەی کێشەی ئاو دەبێ ئەویش لەبەرئەوەی روباری فورات کەمتر ئاوی پێدا دەڕوا، سەرباری کێشەکانی پیسبونی ئاو بەهۆی بەکارهێنانی دەرمانی مێشومەگەزکوژو پەینی کیمایی‌یەوە. ئێستا هەندێ لەشارە گەورەکانی وەك دیمەشق‌و حەلەب توشی کەمئاوی هاتون‌و هەروەها کێشەی کارەباشیان هەیە چونکە کارەباکەیان پشت ئەستورە بەئاو، بەتایبەتی لەهاویناندا.

هەروەها لەکاتێکدا پڕۆژەی کشتوکاڵییە گەورەکانی سوریا هێشتا وەك میتۆدو پراتیك زۆر ساغڵەم نین، ئەوا هەر ئەم پڕۆژانەشن کەدەبنە هۆی خراپترکردنی کوالیتیی داهاتی ئێستای ئاو.

بەهۆی ئەم بارودۆخەوە، حکومی سوریا لەساڵی ١٩٨٨دا بودجەی پڕۆژەکانی ئاوو پڕۆژە کارۆئاوییەکانی زیاد کرد. بەپێی ئەو ژمارانەی کەحکومەتی سوریا

بڵاوی کردتەوە، ئەم کەرتانــە ڕێـژەی ٤٣,٥٪ی بودجـەی سـەرمایەگوزارییەکانی پەرەپێدانی ساڵی ١٩٨٨ی سوریایان داگیر کردووە، لەکاتێکدا ڕێژەی پێشو تەنها ١٠٪ بوو. لەنێو پڕۆژەکان، پـڕۆژەی رایـەڵی ئاوەڕۆیـە لەهــەر یـەك لەدیمەشـق‌و حەلەب‌و حیمس‌و حەما.

## عیراق

لەکاتی شەڕی عیراق- ئێراندا، عیراق پەرەپێدانی خۆی کەم کردەوەو تەنانــەت هەندێ لەپڕۆژە گەورەکانیشی ڕاگـرت. عـیراق زۆر نیگەرانــە لــەپڕۆژەی باشــوری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا لەتورکیا چونکە ئەم پڕۆژەیە ١٣ پڕۆژەی ئـاودێری‌و بەرهــەم هێنانی کارەبا بەسودوەگرتن لەتەوژمی ئاو لەبەشەکانی سەروی هــەردو روبــاری دیجلەو فورات دادەمەزرێنێ. هەندێ لەپسـپۆران پێشـبینی ئـەوە دەکـەن کەئـەم پڕۆژەیەی تورکیا ببێ بەهۆی کەمبونەوەی ئەو بڕە ئاوەی روباری فورات کەســاڵانە دەچێتە ناو خاکی عیراق‌و پێیان وایە دەشێ بڕە ئاوەکە لە ٣٠ ملیار مەتر سێجاوە دابەزێتە ئاستی ١١ ملیار مــەتر سـێجا لەســاڵێکدا. هەوڵــەکانی پەرەپێــدانی سوریاش مایەی هەڕەشەیەکی ترن بۆ عیراق. بەگوتەی عیراق، سێ ملیۆن کشتیار بەهۆی کەمبونەوەی ئاوی روباری فوراتەوە زیانیان بەرکـەوتووە ئـەویش لەســاڵی ١٩٧٥دا کاتێك سوریا ئەمباری بەنداوی سەورەی پڕ ئاو کرد. لەڕاستیشدا بەهۆی ئەم بەنداوەوە، پەیوەندیی نێوان هەردو وڵات خەریك بوو جەنگی لێ بکەوێتەوە. جا لەبەر ئەوەی عیراق کەوتۆتە خواری خوارەوەی هــەردو روبــاری دیجلــەو فوراتــەوە، لەهەمو دەوڵەتەکانی تر زیاتر بەهۆی پیسـبونی ئـاوەوە لەسـۆنگەی پڕۆژەکــانی پەرەپێدانی سەروی هــەردو روبــارەوە زیــانی بەردەکــەوێ. لەهەنــدی لەناوچــەکان رەوشی ئاو ئەوەندە خراپ بوو دانیشتوانی هەندێ گوند ناچار بـون بەتانکــەر ئــاو بێنن.

## حەوزی نیل

روباری نیل درێژترین روباری جیهانەو بــەنۆ دەوڵــەتی ئەفریقاییــدا تێدەپــەڕێ کەبریتین لەبۆرۆندی، میسـر، ئەسـیوپیا، کــەینیا، روانــدا، سـیودان، تانزانیــاو

ئۆگەندا. حەوزی نیل نزیکەی یەك لەسەر دەی روبەری کیشوەری ئەفریقیا پێکدێنێو نیوەنجی ساڵانەی ئاوپێداڕۆیشتنی روبارەکە ۹۲٦۰۰ ملیۆن مەتر سێجایە.

ئەو وشکە ساڵییەی کە لەسەرەتای هەشتاکاندا لەناوچەی قۆچی ئەفریقیا بەهۆی بێ بارانییەوە رویدا، سەرنجی دنیای بەلای حەوزی نیلدا راکێشا، بەتایبەتی بەلای سودانو ئەسیوپیادا. ئەگەرچی باران بارین وەکو جارانی لێ هاتەوەو بوە هۆی چاکبونەوەی هەلومەرجی ژیان لەوێدا تا ئەندازەیەکی باش بەڵام وڵاتانی هاوحەوزی نیل هێشتا حیساب بۆ ئەگەری روودانی وشکە ساڵی دەکەنەوە، سەرباری خراپبونی کوالیتیی ئاوو بڵاوبونەوەی برسێتی لەهەندێ دەڤەردا. لەروی مێژوییەوە ساغ بۆتەوە کەهاوکاری لەبواری بەڕێوەبردنو پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو لەنێوان هەر نۆ شەریکەکەی حەوزی نیل کارێکی دورە. بەهەر حاڵ، لەساڵی ۱۹۸۳دا دەستەیەکی راوێژکار بەنێوی گروپی ئوندوگو Undugu Group پێك هاتو ئامانجەکەی چوستو چالاك کردنی هاوکاریی نێوان شەریکەکان بوو لەبواری ژمارەیەکی زۆری کێشەکاندا کەهەمو لاکان بایەخی پێویستی پێ دەدەن. دەتوانرێ پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بەسەرەتای هەوڵو رەنجەکانی هەماهەنگی دابندرێ.

## میسر

میسر بەتەواوەتی پشت ئەستورە بەئاوی روباری نیل، بۆیە هەر گلدانەوەیەکی ئاو لەبەشەکانی سەروی روبارەکەدا، دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ئاوی پێویست بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی میسر کە تا دێ زیاتر پێویستی بەئاو دەبێتو هەروەها دەبێتە هۆی کەمتر بەرهەم هێنانی کارەبا لەبەنداوی ئەسوان. میسر دەمێکە درکی بەبایەخی چاودێری کردنی نەخشەکانی پەرەپێدانی وڵاتانی سەروی روباری نیل کردوە بەڵام ناتوانێ هیچ کاریگەرییەك لەسەر پرۆسەکانی نەخشەدانانو جێبەجێ کردنی پەرەپێدانی ئەم وڵاتانە بەجێ بهێڵێت.

زانیاریی جێی باوەڕ سەبارەت بەڕەوشی ئاو لەمیسر بەڕێژە کەمەو ئەستەمیشە

بڕی وەرزانەی ئاو پێدارێژیشتنی روباری نیل دیاری بکرێت. حکومەتی میسر بەپشتگیریی بانکی نێودەوڵەتان لێکۆڵینەوەی هەمەگیری سەبارەت بەسەرچاوەکانی ئاوی خۆی ئەنجام داوە بەڵام زۆربەی زانیارییەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوانە هێشتا نهێنین. ئامارەکانی تایبەت بەپێشبینی کردنی پێویستیی میسر بەئاوو ئەو بڕەی کە لەئایندەدا چنگ دەکەوێ، هەمیشە هەموار دەکرێن. لێکۆڵینەوەکەی جۆن وۆتەربری لەزانکۆی برنستۆن تائێستا یەکێکە لەگرنگترین سەرچاوەکانی زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پێشبینی کرابوو تێکڕای پێویستیی میسر بەئاو لەساڵی ١٩٩٠دا، بەپشت بەستن بەنێونجەکانی بەکارهێنانی ئاو لەساڵانی هەشتاکاندا، بگاتە ٧٣ ملیار مەتر سێجا. جا لەبەر ئەوەی کەبڕی ئاوی ساڵانەی بەر دەستی میسر دەوروبەری ٦٨,٩ ملیار مەتر سێجایە، دیارە میسر توشی کێشەیەکی زۆری ئاو دەبێ لەسەدەی بیستو یەکدا، بەتایبەتی لەسۆنگەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانەوە کەپێدەچێ راگرتنی کارێکی زۆر زەحمەت بێ. هەروەها پیسبونی ناوچەی دەلتاو هەندێ لەناوچەکانی سەر کەناری دەریا دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی ئەم بارودۆخە.

## هۆکانی گیروگرفتەکە

دەتوانرێ سێ هۆی سەرەکی بۆ قەیرانی ئاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابندرێ کەئەمانەن: یەکەم، زیادبونی بەکارهێنانی ئاو لەسۆنگەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانەوەو هەروەها بەهۆی پەرەسەندنی پیشەسازیو کشتوکاڵو فراوانبونی ناوچەکانی خانووبەرەوە، دووەم، کەم بایەخدان بەدامودەزگاکانی ئاوو بەگەڕخستنی ئەم دامودەزگایانە بەشێوەیەکی ناساغلەم.

سێیەم، نەبونی هاوکاری لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە لەسەرچاوەی ئاودا هاوبەشن.

خشتەی ژمارە (١) هەندێ ئاماری سەرسوڕهێنەر دەربارەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە پیشان دەدا کەلێکۆڵینەوەکە لەبیرۆی سەرچاوەکانی دانیشتوانی چنگ کەوتوە. بۆ ئاسان تێگەیشتنی ئەو گرفتەی کە بەرۆکی

دەوڵەتانی ناوچەکەی گرتوە لەبواری ئاودا، خشتەی ژمـارە (٢) نێـونجی سـاڵانەی ئاو پێدارڕۆیشتنی روبارەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە بەرچاو.

کاتێك دەڕوانینــە خشــتەی ژمــارە یــەك دەبیــنین نێــونجی ســاڵانەی زیــادبونی سروشتیی دانیشتوان ئەگەر لە ١٪ کەمتر بێ، ئەوا رێژەکە زیادەیــەکی پەســندو باشەو لەتوانادایە بەچاکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم رێژەیەش هەمان رێژەی گەشــەی دانیشــتوانە لەئــەمریکاو دەوڵەتــەکانی تــری رۆژئــاوا. بــەڵام لەوانەیــە لەڕۆژئاوادا رێژەکە تەنانەت زۆر لە ١٪ کەمتریش بـێو رەنگــە رێــژە بــەرزەکانی گەشـــەی دانیشـــتوان کەدەگەنـــە زیـــاتر لەدەوروبـــەری ١,٥٪ لەدەوڵەتـــە گەشەکردووەکاندا سەرەنجامی زۆر خراپیان لێ بکەوێتەوە. لەم بوارەدا دەرکــەوتووە کەئەو دەوڵەتانەی کەلێکۆڵینەوەکــە توێژینــەوەی لەســەر کــردون، لەگێــژاوێکی دیموگرافیدا دەژین کەزۆر زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێ. جا لەبەر ئەوەی خواست لەســەر ئاو بۆ کاروباری ناوماڵانو کشتوکاڵو پیشەسازی بەردەوام لەزیادبوندایــە، دیــارە چەندان دەوڵەتی ناوچەکە بەزەحمــەتی دادەنــێن بتــوانن بــڕی پێویســتی ئــاو بــۆ هاووڵاتییــەکانیان دەســتەبەر بکــەن. تەنانــەت ئیســرائیلیش کەگەشــەی دانیشتوانەکەی گەشەیەکی مامناوەنجییەو ساڵانە دەگاتــە ١,٦٪، ئــەویش ناچــار دەبێ روبەڕوی فراوانبونی پڕۆژەکانی ژێرخایەن ببێتەوە.

ئەمڕۆ چارەسەرکردنی کێشەی خراپ بــەڕێوەبردنی دامودەزگاکــانی ئــاوی لــە بابەت بەنداوەکانو کارخانەکانی خــاوێن کردنــەوەی ئــاوو ئــاوی پاشــەڕۆ دەزگــا پیشەســازییەکانو پڕۆژەکــانی ئــاودێری بۆتــە مەســەلەیەکی گــرنگو لەپێشــی پێشەوەی هەمو مەسەلەکانی تر. ئەگەرچــی ئاژانســی پەرەپێــدانی نێودەوڵــەتیی ئـــەمریکا (USA ID) و بـــانکی نێودەوڵـــەتانو هەنـــدێ لـــەدامودەزگا نێودەوڵەتییەکانی تر زۆر بەدەستوبرو لێبڕاوانە کەوتنە کارکردن بۆ دابـین کردنــی ژێرخانێك بۆ ئاو لەناوچــەی رۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدا، بــەڵام زۆربــەی هــەرە زۆری دامودەزگاکانی ئاو لەناوچەکەدا بەئاستێکی نزمتر لەئاستی کارامەیی پێویست بەڕێوە دەبرێن. بۆ نمونە، بەشێوەیەکی تایبەت لەمیســرو ســوریا تــەکنیککارانو ئەندازیارانی کارخانەکانی تایبەت بەئاو شارەزاییو لێوەشاوەیی پێویستیان بــۆ

هەڵسوڕاندنو بەکارهێنانی ئامێرە مۆدێرنەکانو چاودێری کردنی پرۆسە ئاڵۆزەکان نیە.

بەگشتی، هەمو ئەم وڵاتانەی کەلێکۆڵینەوەکە رەوشەکەیانی تاوتوێ کردووە، سەخبێری(صیانة)یەکی خراپیان هەیەو بەکارهێنانی ئامێرەکانیش بەخراپی بەڕێوە دەچێ.

گوشاری بودجە رێگرە لەبەردەم کلۆلیی حکومەتەکان لەدەستەبەرکردنی سەخبێرییەکی گونجاو بۆ پرۆژەکانی ئاو پاش تەواوبون لەجێبەجێ کردنیانو تەنانەت کاتێك بودجەی پێویستیش بۆ سەخبێری (صیانە) کردنو ئەنجامدانی بەرنامەی مەشقو راهێنان لەبەر دەستدا دەبێ، حکومەتەکان هیچ بۆ ئەم مەبەستانە تەرخان ناکەنو زیاتر پێیان باشە بودجەکە بۆ دروست کردنی دامودەزگای تری تازە تەرخان بکەن.

لەماوەی ساڵانی رابردودا چەندەها لایەنی بیانی بوجەی پێویستی بۆ پرۆژەکانی ئاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین کردو ئامانجی سەرەکیی ئەم پرۆژانە چاککردنی کوالیتیی ئاوو تەندروستیی گشتیی ناوچە سەرەکیو تەنانەت لاوەکییەکانی نیشتەجێ بون بوو. لێرەوە، حکومەتەکان وای دادەنین کەرەنجو کۆششی ئایندەشیان هەر بەهەمان شێوە بودجەی بۆ دابین دەکرێت.

سەرەنجام، ئەو وڵاتانەی کە لەسەرچاوەکانی ئاودا هاوبەشن، هیچ هاوکارییەك لەنێوانیاندا نیە. ئەگەر هەشبێ، ئەوا زۆر تەنگەبەرو ئێجگار لاوازە. لێرەدا شیاوی ئاماژە پێکردنە کەزۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی ناوچەکە، چ سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی بن چ هی سەر زەوی، هاوبەشن لەنێوان دو دەوڵەت یان زیاتر. گەیشتن بەسودوەگرتنێکی نمونەیی لەهەمو داهاتەکانی ئاو کە لەبەر دەستدان، پێویست بەهاوکاریی فراوانی نێوان هەمو لایەنەکان دەکا لەناوچەیەکدا کەپڕ ناتەباییو نەسازانی نژادیو ئاینیو سیاسییەو سەرباری هەمو ئەمانەش، گیانی دراوسێتیی چاك لەڕابردودا هەر نەبوەو لەوانەیە لەئایندەشدا ببێ بەهیوایەکی بەدینەهاتوو.

هەر یەك لەعیراقو تورکیاو سوریا تا ئێستا بەدژواری دادەنێن بتوانن لەبواری

بەكارهێنانی ئاوی روباری فوراتدا هاوكاریی یەكتری بكەن. ئەمەش لەوەدا دەردەكەوێ كەكاتێك توركیا پڕۆژەی باشوری رۆژهەلاتی ئەناتۆلیای راگەیاند، هیچ راوێژێكی بەسوریاو عیراق لەم بارەیەوە نەكردبوو.

ئەو لیژنە سێقۆڵییەی كەتایبەت بوو بەڕوباری فوراتو لەئەندامیێتیی هەر یەك لەسوریاو عیراقو توركیا پێكهاتبوو، جگە لەتاوتوێ كردنی هەندێ مەسەلەی وەك ئاوپێدارۆیشتنی روبارەكەو زانیارییەكانی سەبارەت بەباران، هیچی تری نەكرد. سەرباری ئەمانە، توركیا وای دەبینێ كەهەردو ناوچەكەی دیجلەو فورات یەك حەوز پێكدێنن، لەكاتێكدا عیراق لەو بڕوایەدایە كەدوو ناوچەی لێك جیاواز پێكدێنن. دەشێ ئەم جیاوازییەی بیروڕا ببێ بەتەگەرە لەبەردەم گەیشتن بەرێككەوتننامەیەك لەنێوان هەردوو لادا دەربارەی ئاو. ئەگەرچی پڕۆژەی باشوری رۆژهەلاتی ئەناتۆلیا (گاپ) كار دەكاتە سەر بڕی ئەو ئاوەی كەبۆ هەر یەك لەسوریاو عیراق بەر دەدرێتەوە كەئەمەش بەردەوام هەردو وڵاتی نیگەرانو سەغڵەت كردوە، كەچی تائێستا توركیا دژی هەمو ئەو پێشنیارانە بوە كەمەبەستیان وتوێژكردنە لەسەر ئاستێكی بەرز بۆ دابەشكردنی بەركەوتی ئاوی هەر دەوڵەتێك. لەبری ئەمە، توركیا رازی بوو لیژنەیەك بۆ ئاڵوگۆڕكردنی زانیاریی تەكنیكی پێك بهێنرێت بەمەرجێك لیژنەكە لەسەر ئاستێكی بەرز نەبێت. لەئەنجامدا، بانكی نێودەوڵەتان رازی نەبوو هیچ بودجەیەك بۆ جێبەجێ كردنی پڕۆژەكانی ئاو تەرخان بكات تا ئەو كاتەی لاكان دەگەن بەرێككەوتننامەیەكی هاوكاری لەگەڵ یەكتریدا.

بەهەمان شێوە سوریاو ئیسرائیلو ئوردونیش هەرگیز بەشێوەیەكی فەرمی لەگەڵ یەكتریدا سەبارەت بە بەكارهێنانی ئاوی روباری ئوردون رێك نەكەوتون. گرنگترین نەخشە كە تائێستا بۆ پەرەپێدانی دۆڵی روباری ئوردون دانرابێ نەخشەیەكە لەسالانی پەنجاكاندا ئێریك جۆنستۆن، باڵیۆزی تایبەتی سەرۆك ئایزنهاوەر بۆ ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، دایناوە، ئەگەرچی لەڕوی تەكنیكییەوە جۆرە رێككەوتنێك لەئارادایە بەلام هێشتا هەر یەك لەئوردونو سوریا بەپێی هەندێ لەخالەكانی ئەم نەخشەیە كار دەكەن. دیارە توندڕەویی

سیاسیو نەبونی متمانە بە یەکتری بۆتە هۆی تەگەرەدان لەپەسندکردنی پرۆژەی جۆنستۆن بەشێوەیەکی فەرمی. تائێستاش پرۆژەی بەنداوی وحدە کەبۆ ئوردون گرنگییەکی تایبەتی هەیە، جێبەجێ نەکراوە. پێشبینی دەکرێ ئەم بەنداوەی سەر روباری یەرموك کەئوردونو سوریا دروستی دەکەن، ببێتە مایەی بەکارهێنانی باشتری ئاوی ئەم روبارە چونکە بەنداوەکە ئاوەکە گل دەداتەوەو ئاوپێداورۆیشتنەکەی رێکدەخاو ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆ نەچونی ئاوەکەیو کەم کردنەوەی ئەو بڕە ئاوەی کەلێی دەڕژێتە ناو دەریای مردو. جگە لەم بەنداوە، ئوردونو سوریا لەسەر ئەوەش رێککەوتون کەبەنداوێکی لەم بەنداوە بچوکتر دروست بکەن لەناوچەی مقارن. بەڵام گومان هەیە ئەم رێککەوتنە جێبەجێ بکرێ چونکە پرۆژەکە بەر لەوەی دەست بەجێبەجێ کردنی بکرێ، بەناوەڕۆك پێویستی بەڕەزامەندیی ئیسرائیل هەیە.

بەبێ هیچ گومانێك کێشەی سەرچاوەکانی ئاو کار دەکاتە سەر وتووێژ سەبارەت بەمەسەلەی فەلەستین. راپۆرتەکانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کەئیسرائیل بەنیازە بڕێکی زۆرتری ئاوی ژێر زەویی لێواری رۆژئاوا دەربێنێو ئەمەش بۆتە نارەزاییی زۆرتری دانیشتوانی عەرەبی لێواری رۆژئاواو حکومەتی ئوردون.

ئەو سەرچاوانەی ئاو کەئەمڕۆ لەهەر یەك لەئوردونو لێواری رۆژئاواو ئیسرائیلدا هەن، بەرگەی ئەوە ناگرن کەلایەنێکی تر پەیدا ببێو بکەوێتە بەکارهێنانی ئەم ئاوە.

بەڵام بەدرێژاییی روباری نیل کەنۆ دەوڵەت هاوبەشن تێیدا، پەیوەندییەکان ئاڵۆسکاوترن. ئەگەرچی هەوڵدان بۆ گەیشتن بەرێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی روبارەکە بەشێوەیەکی یاسایی هەوڵدانێکی دێرینەو بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە بەڵام تائێستا هیچ رێککەوتنێك نیە کەهەمو دەوڵەتە پەیوەندارەکان پێوەی پابەند بن. ئەو وۆرك شۆپەی کەپرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNOP) لەمانگی کانونی دووەمی ١٩٨٦دا لەبانکۆك ئەنجامی داو تایبەت بوو بە دەوڵەتانی حەوزی نیل، چەند هەنگاوێکی بەرەو گەیشتن

بەرێککەوتننامەیەکی وردەکارترو فراوانتر هەڵهێنا. بەڵام هێشتا زۆر شت ماوە بکرێ تا بتوانرێ بەری ووزرك شۆپەکە سودی لێ وەربگیرێ. بەشداربووەکانی ووزرك شۆپەکە رازی بون بەهەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی کۆمەکی UNOP بۆ دامەزراندنی پرۆگرامێکی تایبەت بەحەوزی نیل. بەم پێیە، دەشێ گروپی ئوندگۆ گەلەمەوبەر ناومان هێنا، ببێ بەکوانوویەك بۆ کۆکردنەوەی هەوڵو کۆششەکانی هاوکاری لەئایندەدا لەم ناوچەیەدا.

لەم بوارەدا ئەسیوپیا لەحەوزی نیل وەك سەربازە گومەکە دەمێنێتەوەو لەسەدەی بیستو یەکدا رۆڵێکی سەرەکیی دەبێ. جۆن ووتەربری پێی وایە ئەسیوپیا دەشێ سەرچاوەی زیاتر لە ٨٢٪ی ئاوی روباری نیل بێ. جا لەبەرئەم هەلومەرجە باشە، نەخشەکانی پەرەپێدانی ئەسیوپیا وەك پرۆژەکانی ئاودێریی سەر روباری نیلی شینو روباری بارۆ کاریگەریی خراپ لەسەر هەر یەك لەسودانو میسر بەجێ دەهێڵن.

سەرەنجام، قەیرانی ئاو لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تەنها قەیرانێکی تەکنیکی یان ئیداری یان ئابوری نیە. هەستو ئەندێشە لۆکالییەکان فاکتەرە هەرە سەختو دژوارەکە پێك دێنن ئەویش لەروی ئەگەرەکانی گۆڕانو هەڵسەنگاندنەوە. ئەگەرچی بارودۆخە راستەقینە بینراوەکە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازییان هەیە بەڵام هەڵوێست بەرامبەر بەکێشەی ئاو هەرگیز جیاواز نیە. هەر دەوڵەتێك وای دادەنێ کەوەدەست هێنانی ئاوی خاوێن مافی خۆیەتیو نابێ کەس نکوڵیی لێ بکاو واشی دادەنێ کەبەفیڕۆدانی داهاتی ئاو تاوانێکی بێ لێبوردنە. شێوازەکانی بەکارهێنانی ئاو، بەتایبەتی لەناوچە کشتوکاڵییەکاندا، رەنگدانەوەی هەستو ئەندێشەیەکن کەدەمێکە بەرامبەر بەئاو گوزارشتی لێ کراوە. ئاو بڕیار لەسەر سروشتی پەرەپێدانی ئابوری دەداو هەر ئەویشە کەباسکی نەریتە شارستانییەکان ئەستور دەکاو ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکان دەوروژێنێ.

ئەگەرچی دەتوانرێ سود لەتەکنەلۆژیا وەربگیرێت بەڵام ئەوەی کەتەحەدا یەکجارەکییەکە دێنێتە پێش، هەستو ئەندێشەکانە نەك تەکنەلۆژیا.

## خشتەی ژمارە (١)
## گەشەی دانیشتوان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

| وڵات | ژمارەی دانیشتوان (١٩٨٦) بەملیۆن | نێونجی لەدایکبون بۆ هەر ١٠٠٠ کەس | زیادبونی سروشتی* | ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ٢٠٠٠ (بەملیۆن) |
|---|---|---|---|---|
| لوبنان | ٢,٧ | ٢٩ | ٢,١ | ٣,٦ |
| ئوردون | ٣,٧ | ٤٤ | ٣,٧ | ٦,٤ |
| ئیسرائیل | ٤,٢ | ٢٣ | ١,٦ | ٥,٣ |
| سوریا | ١٠,٥ | ٤٧ | ٣,٨ | ١٧,٢ |
| عیراق | ١٦ | ٤٦ | ٣,٣ | ٢٤,٢ |
| سودان | ٢٢,٩ | ٤٦ | ٢,٩ | ٣٤,٢ |
| میسر | ٥٠,٥ | ٣٧ | ٢,٦ | ٧١,٢ |
| تورکیا | ٥٢,٤ | ٣٥ | ٢,٥ | ٦٩,٧ |
| ئەمریکا | ٢٤١ | ١٦ | ٠,٧ | ٢٦٨ |
| جیهان | ٤,٩٤٢ | ٢٧ | ١,٧ | ٦,١٥٧ |

**سەرچاوە: دۆسێی زانیارییە جیهانییەکانی دانیشتوان (واشنتن- بیرۆی سەرچاوەکانی دانیشتوان).**

* زیادبونی سروشتی واتە ڕێژەی سەدیی ساڵانەی زیادبون.

## خشتەی ژمارە (٢)

## نێونجەکانی ئاوپێدارۆیشتنی ساڵانەی روبارەکان

| ناوی روبار | نێونجی ئاوپێدارۆیشتن<br>(بەملیۆنان مەتری سێجا) |
|---|---|
| ئوردون* | ١٢٨٧ |
| فورات | ٣١٨٢٠ |
| دیجلە | ٤٢٢٣٠ |
| نیل | ٩٢٦٠٠ |

سەرچاوە: دانەر ئەم ژمارانەی لەچەند سەرچاوەیەکی حکومی چنگ کەوتوە.

* ئەم ژمارەیە لەنەخشەی جۆنستۆن بەدەست هاتووە.

## بەشی دووەم

# تێڕوانینێکی گشتی بۆ پڕۆژەکەی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك

ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ١٩٨٦ پڕۆگرامی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك کۆ بۆوە. لەم کۆبونەوەیە ئەنجومەنی راوێژکاری نێودەوڵەتی پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی خستە بەر چاو کە ساڵێکە پێوەی خەریکەو ناونیشانەکەشی بریتییە لە ((سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بەسەرچاوەکانی ئاو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: ئامرازی ئاشتیو پەرەپێدان)).

لەو کۆبونەوەیەدا چەند پسپۆڕێك بەشدار بون کەهەر یەکێکیان توێژینەوەی خۆی پێشکەش کرد، لەوانە:

-عەبدولرەسول عەلوش، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی عیراق.

-ئیدوارد ئی. عازر، بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانی نێودەوڵەتیو بەڕێوەبردنی ململانێی سەر بەزانکۆی میریلاند.

-مائیر بن مائیر، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی کشتوکاڵی ئیسرائیل.

-مونزر حەددادین، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای دۆڵی ئوردون.

-هارۆلد ڕۆد، شیکاری سیاسەتەکانی باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا لەئۆفیسی وەزیری بەرگریی ئەمریکا.

-ڤۆلکان ڤورال، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییە ئابورییە دوقۆڵییەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا.

لەو کۆبونەوەیەدا پتر لەچل کەس لەئەمریکا بەشدار بون کەنوێنەرایەتیی کەرتی حکومیو تایبەتو زانستییەکانیان دەکردو لەبەر لێوەشاوەییو

کارامەیی‌یان، کۆنفرەنسەکە وا ناوزەد کرا کەروداوێکی بێوێنەیە لەمێژوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

کۆنفرەنسەکە کارەکانی خۆی بەگفتوگۆیەکی گشتی دەربارەی گرفتەکانی تایبەت بەسەرچاوەکانی ئاو لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دەست پێکرد، بەلام زۆری نەبرد گفتوگۆکە بوو بەمشتومڕ دەربارەی دەرفەتەکانی حکومەتی ئەمریکاو رادەی بەشداریی لەم بابەتەدا. ئەگەرچی پێشبینی دەکرا دبلۆماسیەت‌و رۆڵی سیاسەت وەك بابەتە سەرەکییەکانی دایەلۆگەکە دەرکەون، بەلام گفتوگۆکە تاو نا تاو دەچوە سەر داواکردنی کۆمەکێکی تەکنیکی زۆرتری ئەمریکا بۆ ناوچەکە. بەشداربووەکان بەشێوەیەکی گشتی لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەوە رێك بون کەچەند لەتوانادایە دەبێ هانا بۆ دبلۆماسیەت ببرێ بەلام بەشداربووەکان لەهەمان کاتدا سور بون لەسەر ئەوەی کەدبلۆماسیەت بەتەنها زۆری پێ دەچێ‌و خودی خۆیشی پرۆسەیەکی پێچاوپێچەو پێویستی بەهەوڵ‌و رەنجێکی زۆرو زەوەندە. بە بەراورد، یارمەتییە تەکنیکییەکان- ئەگەرچی نابنە ئەلتەرناتیڤی دبلۆماسیەت- لەماوەیەکی کورتدا ئاکامی هەستپێکراویان لێ دەکەوێتەوە. لەو بابەتە سەرەکییانەی کە گفتوگۆکە تاوتوێی کرد، پەرەپێدانی هەوڵ‌و تەقەللاکانی توێژینەوەو پەرەپێدان بەمەبەستی پێشخستنی تەکنەلۆژیایە. بەشداربووەکان لەو بڕوایەدا بون کەدۆزینەوە تەکنەلۆژییە تازەکانی بواری وزەی تازەوەبوو کە کەم کردنەوەی خەرجیی بەرهەم هێنانی وزەیان لێ دەکەوێتەوە، مەسەلەی بنچینەیین بۆ دەستەبەرکردنی تەکنەلۆژیایەکی تایبەت بەسەرچاوەکانی ئاو کەدەکرێ لەدەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پشتی پێ ببەسترێ.

کۆدەنگییەك هەیە لەسەر پێویستیی تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆرتر لەو بوجەیەی کەئێستا بۆ توێژینەوەو پەرەپێدان تەرخان کراوە، ئەویش بۆ سود لێ وەرگرتنی لەبواری تەکنەلۆژیای پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاوو بەکارهێنانەوەی ئاوی پاشەڕۆو شیرینکردنی ئاوی سوێرو ئاوی ئاوەڕۆکان. بەلام جەخت کردنێکیش لەسەر ئەوە هەبو کەپشت بەستنی تەواو بەشیرینکردنی ئاوی سوێرو ئاوی ئاوەڕۆکان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ناوماڵ‌و پیشەسازی شتێکی باش

نیەو لەڕوی ئابوریشەوە سودی نیە. هەر بۆ نمونە، شیرینکردنی ئاوی دەریا تەنها لەپڕۆژە گەورەکان لەڕوی ئابورییەوە سودی دەبێ، ئەگەر هاتو سەرچاوەیەکی باشی وزەش هەبو. بەڵام کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەبو کەشیرینکردنی ئاوی دەریا بۆ قەرەبوکردنەوەی کەم ئاوی دەشێ شتێکی گرنگ بێ، ئەویش ئەگەرهاتو شیرینکردنەکە بۆ بەکارهێنانی ئاوەکە بێ بۆ هەندێ پڕۆژەی پێشکەوتوی کشتوکاڵ وەك بەکارهێنانی هەندێ بەروبوم کەبەهاکەیان بەرزەو دەشتوانن بەرگەی سوێری بگرن.

گفتوگۆکانی ناو کۆنفرەنسەکە سەرنجیان بەلای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئێستای ئاو راکێشاو لەم روەوە بۆچونی وا سەری دەرهێنا کەبەڕێوەبردنی کاراو کاریگەر شتێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی بۆ دیاری کردنی سەرچاوەی تری ئاو. بەپێچەوانەشەوە، بەڕێوەبردنی خراپو بێکەڵك دەبێتە هۆی خراپتربونی رەوشی ئێستا کەرەوشێکی سەختو دژوارە. هەروەها گفتوگۆکان لەپێویستیی بەرنامەی راهێنانو مەشق پێکردنو ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەشیان کۆڵییەوە.

لەکۆتاییشدا، لەم کۆنفرەنسەدا گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کرا دەربارەی پێویستیی زیادکردنی هاوئاهەنگی لەنێوان هەمو دامودەزگا حکومییە ئەمریکییەکاندا. هەندێ لەبەرپرسانی ئێستاو پێشوی ئەمریکاش دانیان بەوەدا نا کەپەیوەندیی نێوان ئاژانسە ئەمریکییە پەیوەنددارەکان (کە کار لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن) پەیوەندییەکی لاوازەو کاریگەریی خراپیشی کردۆتە سەر کارایيو لێوەشاوەیی هەوڵو رەنجەکانی ئەمریکا.

## نەخشەی جۆنستۆنو حەوزی روباری ئوردون
## سیمیناری رۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦

پڕۆگرامی توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیك یەکەم سیمیناری خۆی لەڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ ئەنجام داو لەم سیمینارەدا ژمارەیەك پسپۆر قسەیان کرد لەوانە ئەو پسپۆرانەی کە لەکردنەوەی سیمینارەکەدا وتاریان

خوێندەوە.

لەم سیمینارەدا ئەگەری هاتنە کایەی پەیوەندیی هاوکاریی تەکنیکی لەئاییندەدا لەنێوان لایەنە هاوبەشەکانی حەوزی روباری ئوردونـدا تاوتوێ کرا، بەتایبەتی لەنێوان ئیسرائیلو ئوردونو هەروەها کاریگەریی دابەشکردنی بەرکەوتەکانی ئاوو چاودێری کردنی ئەو بەرکەوتە لەسەر وتووێژەکانی ئاشتیش لێیان کۆڵدرایەوە.

سیمینارەکە نەخشەکەی ساڵی ١٩٥٦ی جۆنستۆنیشی هەڵسەنگاند کەپاشتر بوە هۆی ئەنجامدانی وتووێژ سەبارەت بەبەنداوی مقارن. بەشداربووەکان تێبینی ئەوەیان هەبو کەنەخشەکەی جۆنستۆن یەکێکە لەهەوڵە گشتگیرە هەرە کۆنەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشو ناکۆکیی سەبارەت بەدابەشکردنی ئاوو یەکەم دەستپێشخەریی سەرەکیی ئەمریکاش بووە لەبواری کێشەی مافەکانی هەمو لایەنە لەگەڵ یەك دەرگیرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەنجامدانی وتووێژ سەبارەت بە بەنداوی مقارن بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کەدەوڵەتە هاوحەوزەکان راستگۆن لەهەوڵداندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو. ئەم دوو نمونەیە دوو نمونەی بەهێزن سەبارەت بەوتووێژ دەربارەی بەنداوە پێشنیارکراوەکەی ئەوسای وحدە. ئاشکراشە کەسەرجەمی بڕی ئاوی بەردەستی سەرچاوەکانی ئێستای ئاوی هەر یەك لەئیسرائیلو ئوردونو لێواری رۆژئاوا ٢,٥ ملیار مەتر سێجایە.

لەلایەکی ترەوە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە لەزیادبوندایە. لەئاکامدا، بونی رێوشوێنی ئیداریی تازەو تەکنەلۆژیایەکی هەرزان لەساڵانی داهاتودا بەدوو مەسەلەی ژیانی دەژمێردرێن. لەم روەوە پێویستە لەسەر ئوردون بۆ ئەوەی پێداویستیی ئاو لەئاییندەدا دابین بکات، بڕێکی زۆرتری ئاو لەدۆڵی ئوردونەوە بۆ شوێنەکانی نیشتەجێبونی دانیشتوان لەناوچە بەرزەکان بەربداتەوەو زۆرتر پشت بەسەرلەبەر بەکارهێنانەوەی ئاو ببەستێ. لەوانەشە هەر یەك لەئوردونو ئیسرائیل لەئاییندەدا ناچار بن بودجەیەکی زۆرتر بۆ خاوێن کردنەوەی ئاوی پاشەڕۆو شیرین کردنی ئاوی سوێر تەرخان بکەن. لەو روانینەشەوە کەپێشبینی دەکرێ ئاوی حەوزی روباری ئورودون بیدا لەکزی، ئەوا هێنانی ئاو بۆ ناوچەی

حەوزەكە بۆتە مەسەلەیەك كە تادێ زیاتر لایەنگری بۆ پەیدا دەبێ. لەم سیمینارەدا گفتوگۆ سەبارەت بەپێشنیارەكەی توركیا كرا كەئامادە بوو هێڵی بۆریی ئاشتی دابمەزرێنێو هەروەها بەشداربووەكان پڕۆژەی گەیاندنی ئاوی روباری فوراتیان بەبۆری لەعیراقەوە بۆ ئوردون تاوتوێ كرد.

بەشداربووەكان لەو بڕوایەدا بون كەهەوڵەكانی ئایندەی پەرەپێدان لەحەوزەكەدا پێویستیان بەچەند بڕیارێكە بۆ یەكلاكردنەوەی هەندێ مەسەلە لەوانە قازانجی جێبەجێ كردنی بەنداوی وحدە/ مقارنو دەرهێنانی ئاوی ژێر زەمینی ناوچەكەو پێكهێنانی دەستەیەك یان دەزگایەك یان دەسەلاتێكی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئاو.

## حەوزی روباری نیل: تاوتوێ كردنی پەیوەندیی لایەنەكان سیمیناری ٤ی شوباتی ١٩٨٧

پڕۆگرامی لێكۆڵینەوەكانی رۆژهەلاتی نزیك لەرۆژی ٤ی شوباتی ١٩٨٧ دووەم سیمیناری خۆی ساز كردو ئەوەی لەم سیمینارەدا وتاری هەبو ئەم بەڕێزانە بون:

-كلاید بۆردیك، ئەندازیاری پێشوازی پڕۆژەی تاوتوێ كردنی مەسەلەی چاكسازیی روباری نیلی شین.
-دۆنالد كلیە، فیشەری نەخشەدانان لەئۆفیسی چاكسازی.
-دیڤد جی. فیشەر، بەڕێوەبەری ئۆفیسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بۆ كاروباری رۆژهەلاتی ئەفریقیا.
-ریچەرد ئیڤیس، بەڕێوەبەری كۆمەكی تەكنیكیی ئۆفیسی چاكسازی.
-ستیڤن ئێف. لنتنر، رێكخەری كاروباری ژینگە لەئاژانسی ئەمریكایی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی كاروباری ئاسیاو رۆژهەلاتی نزیك.

بەشداربووانی سیمینارەكە لەو بڕوایەدا بون كە تەگەرەی بەردەم سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بەسەرچاوەكانی ئاو بیرۆكراسیی ناو دامودەزگاكانی ئەمریكاو فرە دەسەلاتییە كەزیاتر پشت بەهەندێ هەلومەرجی جوگرافی دەبەستێ. هەر بۆ نمونە، میسر بەر ئۆفیسی وەزارەتی دەرەوە بۆ كاروباری رۆژهەلاتی نزیكو باشوری

ئاسیا کەوتوە، لەکاتێکدا سوداون و ئەسیوپیا بەر ئۆفیسی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا کەوتون، ئەگەرچی هەر سێ وڵات کەوتونەتە سنوری حەوزی نیلەوە، ئەمە نایەڵێ گیروگرفتەکە لەرێی نەخشەیەکی ناوچەیی گشتگیرەوە چارەسەر بکرێ.

هەروەها بەشداربووان چونە سەر ئەو باوەڕەی کەدامودەزگا حکومییەکان و هەندێ لەوەزارەتەکانی چەند دەوڵەتێکی رۆژهەڵاتی نزیك پڕن لەو ئەندازیارو ئەفسەرانەی کەکاتی خۆی لەسوپا بون و ئەمانە لەبەر ئەو چەشنە مەشق و راهێنانەی دیویانە، هەمیشە وایان لێ دەکا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئاو پەنا بۆ ئەو شێوازانەی کار بەرن کەهەستیان پێ دەکرێ و بەچاو دەبینرێن. هۆکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەمانە لەو بڕوایەدان کە لەئایندەدا تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی ریشەیی چاری ئەو گیروگرفتانە دەکات، کەئەمەش دەبێتە هۆی جەخت کردن لەسەر تەکنەلۆژیا نەك لەسەر بەڕێوەبردن لەو روانینەوە کەتەکنەلۆژیا سەرکەوتووترین هۆکارە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ.

لەساڵانی داهاتودا کوالیتیی ئاو بایەخێکی زۆرتری پێ دەدرێ. لەمیسر پیسبونی ئاو بەهۆی پیشەسازییەوە رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێ و هۆکە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ خاوێن نەکردنەوەی ئاوی پاشەڕۆی پیشەسازی دەگەڕێتەوە. هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی مەگەزکوژ بەشێوەیەکی چڕ بوە هۆی پیسبونی کشتوکاڵ. لەئەسیوپیاش کەم بەکارهێنانی زەوی بوە هۆی زیادبونی نیشتەنییەکان و لەهەر یەك لەمیسرو سودان خاوێن نەکردنەوەی ئاوی پاشەڕۆ یان خاوێن کردنەوەی بەشێوەیەکی نیوەوناچڵ بوە هۆی دابەزینی کوالیتیی ئاو بەئەندازەیەکی بەرچاو لەهەندێ ناوچەدا. فڕێدانی خۆڵ و خاشاکیش بۆ ناو روباری نیل بوە مایەی سەرهەڵدانی گیروگرفت لەنێونجی ئاوپێدارۆیشتنی روبارەکە لەسەر ئاستی هەر وڵاتێك بەجیا.

لەسیمینارەکەدا هەندێ بۆچونی گەشبینانەش هەبو سەبارەت بەوەی کەئەو سەرمایەگوزارییە زۆرەی بۆ خاوێن کردنەوەی ئاوی پاشەڕۆی بێکەڵکی لۆکالی تەرخان کراوەو مامەڵەکردن لەگەڵ زبڵ- بەتایبەتی لەشارە سەرەکی و

ناسەرەکییەکانی میسر- دەشێ ببێ بەهۆی چاك کردنی کوالیتیی ئاو لەماوەی بیست ساڵی داهاتودا.

بەشداربووەکان لەراسپاردەکانیاندا بەپێویستیان زانی هەمو ئەو لایەنانەی کەپەیوەندییان بەوەبەرهێنانو پەرەپێدانی پرۆژەوە هەیە پتر هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدا بکەن چونکە زۆربەی جار هەندێ لەوەبەرهێنەرەکان بودجە بۆ ئەو پرۆژانە دەستەبەر ناکەن کەپەیوەندییان بەژێرخانەوە هەیە. سەرباری ئەمەش، سەبارەت بەوەبەرهێنانی پاشەڕۆژ، بەتایبەتی وەبەرهێنان لەبواری پرۆژەی بەنداوە گەورەکانو پرۆژەکانی ئاوی پاشەڕۆ لەهەر یەك لەئەسیوپیاو سودان، دوو گیروگرفت سەریان هەڵدا کەبریتین لەپێوەرە ژینگەییە سەختەکانی وەبەرهێنەرەکان چ دابین کردنی بودجەکە بەدوقۆڵی بێو چ فرە لایەن بێو گیروگرفتەکەی تریش پەیوەندیی بەمانەوەی شارستانییەوە (Cultural Survial) هەیە، لەوانە گرفتی راگواستنی خێڵو گوندەکان بەمەبەستی دامەزراندنی پرۆژە لەناوچەکانیان. سەرەنجام، لەسیمینارەکەدا سەرنجی ئەوە درا کەئامانجە ناکۆكو ناتەباکانی پەرەپێدان (کشتوکاڵ بەرامبەر بەپیشەسازی، بەرامبەر بە بەرهەم هێنانی وزە) بونەتە هۆی پارچە پارچە کردنی پلادانان لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا.

ئەگەرچی میسر بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر کەوتۆتە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی روباری نیل بەڵام هێنانە کایەی سیستمێکی باشی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ باقی دەوڵەتانی حەوزەکە شتێکە هەقە ئەمریکا پشتگیریی بکاو دەوڵەتەکانی تریشی بۆ هان بدات. هەر دەوڵەتێکی هاوحەوز دەتوانێ رایەڵێکی زانیاریی تایبەت بەخۆی هەبێو لەهەمان کاتدا پێویستە دەرفەت برەخسێنرێ بۆ بەدەست هێنانی زانیاریو پێشکەش کردنی بەچەشنێکی وا کەپێشەکی لەسەری رێککەوتبن، ئەویش بۆ ساناکردنی پرۆسەکانی پلادانان بۆ دامەزراندنی پرۆژەکان.

## ئاسایشی ئاوو بەدیهێنانی ئاسایش لەڕێی تەکنەلۆژیای ئاوەوە
## کۆنفرەنسی کۆتـایـیی ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٧

کۆنفرەنسی کۆتاییی پڕۆژەکە لەدو مەسەلەی هاوتەریبی کۆڵییەوە کەبریتی بون لەمەسەلەی ئاسایشی ئاوو مەسەلەی تەکنەلۆژیای ئاو. ئەو پسپۆرانەی لێرە ناویان هاتووە توێژینەوەیان لەکۆنفرەسەکەدا هەبو:

-ئیوان ئەندرسۆن، وتاربێژ لەبەشی جوگرافیای زانکۆی دەرەم لەئینگلتەرە.

-لیۆن ئۆرباچ، ئەندازیاری سەرەکی لەکۆمپانیای باکتل.

-سم دۆنا، راوێژکاری تایبەتی سەرەك وەزیرانی تورکیا بۆ کاروباری هەندەران.

-کارل ئی. هۆدگز، بەڕێوەبەری تاقیگەی توێژینەوەکانی ژینگە لەزانکۆی ئەریزۆنا.

-ستیڤن ئێف. لنتنەر، رێکخەری کاروباری ژینگە لەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا بۆ کاروباری ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

-دۆناڵد ئۆزبۆرن، بەڕێوەبەری یەکەی توێژینەوەکانی وزەی خۆر لەزانکۆی ئەریزۆنا.

-گرایم بۆلك، بەڕێوەبەری پڕۆژە لەکۆمپانیای ئەمریکیی براون ئاند روت.

زۆربەی بەشداربووان لەو بڕوایەدا بون کەدەشێ شیرین کردنی ئاو سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئاو بێ لەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەسەرچاوەکانی وزە دەوڵەمەندن. لەو سۆنگەیەشەوە کەئێستا ٦٠٪ی بواری شیرین کردنی ئاو لەجیهاندا کەوتۆتە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەتایبەتی لەدەوڵەتانی کەنداو وەك سعودیەو بەحرەین‌و کوێت) دەبینین هەندێ لەدەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەندازەیەکی زۆر پشت بەم تەکنیکە دەبەستن. لەو روانینەشەوە کەرێژە زۆرەکەی خەرجیی پرۆسەی شیرین کردن (کەهەندێ جار دەگاتە ٥٠٪) بەندە بەنرخی وزەوە، ئەوا هەوڵ‌و رەنجەکانی توێژینەوەو پەرەپێدان لەبواری شیرین کردنی ئاو، دەبێ جەخت بکاتە سەر بەرزکردنەوەی کارامەییی وزە، لەوانەشە بەکارهێنانی وزەی خۆر کە لەم ناوچەیەدا بەفراوانی لەبەر دەستدایە، یەکێ لەشێوازەکانی وەدی هێنانی ئەم

ئامانجه بێ.

دەتوانرێ وزەی خۆر لەسەر تەکنەلۆژیاکانی تری بـواری ئـاو پراکتیـزه بکـرێ. لــەبواری خــاوێن کردنــەوەی ئــاودا، هەنــدێ لــەلێکۆڵیاران ســەرکەوتو بــون لەبەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئاو.

بونی برێکی زۆری وزەی خۆر لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا دەکا ئەم وزەی خۆره سەرچاوەیەکی باشی وزه بێ بۆ دامودەزگاکانی ئاو لەناوچەکەدا، ئەگەرچـی تەکنەلۆژیای بەکارهێنانی وزەی ئێستای خۆر هێشتا زۆر گرانتره لەتەکنـەلۆژیای بەکارهێنانی نەوت.

لەلایەکی دیکەوە، پێشکەوتن لەبواری چاککردنی جۆری روەك لەوانەیە ئەویش ببێ بەهۆی بەکارهێنانی ئاو بەشێوەیەکی لێوەشـاوەتر. چـاندنی ئــەو رووەکانــەی کەدەتوانن بەرگەی سوێری بگرن، دەشێ سەرچاوەیەکی گەورەی خۆراك بـۆ مـرۆڤو ئالیك بۆ ئاژەڵ دابین بکات. ئەگەر ئەمە هاتە دی، ئەوسا دەتوانرێ بەئاوی دەریـا ئەم جۆره رووەکانـە ئـاو بـدرێنو ئەوسـا ئـەو ناوچـانەی سـەر لێـواری دەریـای ناوەڕاستو دەریای سـورو کەنـداو کەهێشـتا کشـتوکاڵیان تێـدا نـەکراوە، هــەر هەموی کشتوکاڵی تێدا دەکرێ. ئەمەش بەنۆرەی خـۆی دەبێتـە هـۆی زیـادبونی روبەری شیاوی چاندنو تەرخانکردنی زەویی گرانبەهای کشـتوکاڵی بـۆ چـاندنی بــەروبومێك کەبەهایــەکی بــەرزی لــەڕوی خۆراکییــەوه دەبــێ. ســەرئەنجامه سەرەتاییەکانی ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەئەمریکا ئەنجام دراون، ئاماژه بۆ ئەوە دەکەن کەئەم چەشنه رووەکانەو ئەو بەروبومـەش کە لەو رووەکانه دێتـە بەرهــەم، لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا قازانجی ئابوریيان دەبێو پاش دوو ساڵ لەچاندنیان دەتوانرێ بازرگانییان پێوه بکرێ.

لەم کۆنفرەنسەدا نوێنەری تورکیا بۆ یەکەم جار بەئاشـکرا کەوتـە باسـکردنی پێشنیاری سەرەك وەزیرانی ئەوسای تورکیا، تورگوت ئـوزال، سـەبارەت بـەدانانی هێڵی بۆرییەکانی ئاشتی. ئامانجی پڕۆژەکە کە لەدوو بۆری پێکدێو هـەردوکیان ئاو لەدوو روبارەکەی سەیهانو جەیهان دەگوێزنەوە، گەیانـدنی ئـاوە بەژمارەیـەك لەدەوڵەتانی ناوچەکەو بەم پێودانگە هەر یەك لەکوێتو ناوچـەکانی رۆژهــەڵاتی

سعوديەو بەحرەینو قەتەر ئاو لەبۆرییەکەی رۆژھەلات وەردەگرنو بۆرییەکەی رۆژئاواش لەخزمەتی چەند شارێکی تورکیا دەبێو هەر یەك لەسوریاو ئوردونو لێواری رۆژئاواو بەشی رۆژئاوای سعودیەش سودی لێ وەردەگرن. هەردو بۆری ئاو تەنها بۆ کاروباری ناومالان دابین دەکەنو ئامانجی هەردوکیشیان پتەوکردنی سەرچاوەکانی ئەو ئاوەیە کەئەمرۆ هەیە نەك پێشبڕکێ لەسەر سەرچاوەکانی ئاو.

هەر زیادەیەك لە خەرجییەکانی ئەم پڕۆژەیە کە لەسالانی هەشتای سەدەی بیستەمدا بە ٣٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا، دەبێتە هۆی بەزەحمەت پەیداکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی.

بەرپرسە تورکەکان پێشبینی دەکەن ژمارەیەك لەرێکخراوو بانکەکانی وەبەرهێنان بەشداری لەپڕۆژەکەدا بکەن. بەهەر حاڵ، تەگەرەی سەرەکیی بەردەم جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە ناتەباییی سیاسیی نێوان دەولەتە بەشدارەکانە بەلام حکومەتی تورکیا هیوا دەخوازێ بتوانێ ئەم دەولەتانە بباتە سەر ئەو باوەڕەی کەقازانجی ئەم بۆرییانە بۆ ئەم دەولەتانە زۆر لەتەنازولاتە سیاسییەکان زۆرترە. هەروەها تورکیا پێی وایە پڕۆژەکە دەبێتە هۆی کەم کردنی دوبەرەکییەکانو پتەوکردنی هاریکاریی نێوان دەولەتە بەشدارەکانو چاککردنی ئاستی خۆشگوزەرانی لەچەندەها ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

## بەشی سێیەم

# ماك‌و گەوهەری سیاسەتی ئەمریكا بەرامبەر بەسەرچاوەكانی ئاو

بەڕێز ئێم. پیتەر ماكفرسۆن كەپۆستێكی كارگێڕیی لەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریكا (USAID) هەبو، لەلێدوانێكدا لەبەردەم گەورە پسپۆرانی ئەمریكاییی بواری ئاو، وتی ((پەرەپێدانی سەرچاوەكانی ئاو لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریكادا بەمەسەلەیەكی سەرەكی دەژمێردرێ)). لەساڵانی رابردودا ئەمریكا لەڕێی ئاژانس‌و وەزارەتەكانییەوە، بەرنامەی كۆمەكی تەكنیكی‌و پڕۆژەی پەرەپێدانی چڕی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە كردووەو لەم چوارچێوەیەدا چەندەها پڕۆژە جێبەجێ كران وەك دروستكردنی چەند وێستگەیەك بۆ خاوێنكردنەوەی ئاو، تاوتوێ كردنی قازانجی دروستكردنی بەنداوەكان، سازكردنی چەند بەرنامەیەكی مەشق‌و راهێنان بۆ پسپۆرانی ناوچەكەو چەندان پڕۆژەی تر. جا لێرەدا دەچینە سەر هەڵسەنگاندنی كارو هەڵسوڕانی ئاژانسە ئەمریكییەكانی تایبەت بە پەرەپێدانی سەرچاوەكانی ئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لەم هەڵسەنگاندنەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێ لایەنی وەك رادەی لێپرسراوەتیی ئاژانسە دیاریكراوەكەو پرۆگرامەكانی‌و ئەندازەی چوست‌و چالاكی‌و تەگەرەكانی بەردەم هەوڵ‌و كۆششەكانی پەرەپێدان. جگە لەمە، ئەم شیكردنەوەیە جەخت دەكاتە سەر رۆڵی ئاژانسە فیدرالییەكانی ئەمریكا لەبەدواداچونی كێشەكانی ئاوو كۆكردنەوەی زانیاریی‌و ئامارو ئامادەكردنی پڕۆگرامەكانی پەرەپێدان.

جگە لەمە، لێكۆڵینەوەكە باسی هەندێ لەو لیژنەو دامودەزگا دوقۆڵییانەش

دەكا كەبايەخ بەپڕۆژەكانی ئاوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن.

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا

وەزارەتی دەرەوەی ئـەمریكا زۆر لەمێـژە بەشـێوەیەكی سـەركەوتوانە بەشـدارە لەچارەسەركردنی كێشەكانی ئاوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو ئۆفیسـانەی كەسەر بەم وەزارەتەنو بەدوای ئەم كێشانەدا دەچن، ئۆفیسی كاروباری ڕۆژهـەڵاتی نزیكو باشوری ئاسیایە (NEA)و لەچوارچێوەی ئەم ئۆفیسەدا چەند كارمەندێك هەیە بەرپرسن لەدۆسیێی هەر دەوڵەتێكی ناوچەكە بـەجیا. جگـە لـەم ئۆفیسـە، ئۆفیسێكی تریش هەیـە ئـەویش ئۆفیسـی كاروبـاری ناوچـەییە كەچـاودێریی ڕوداوەكـانی ناوچـەكە دەكـا. كارمەنـدەكانی باڵیۆزخانـەكانیش، بەتایبـەتی لەعەممانو تەل ئەبیب، بەشێوەیەكی بەدەسـتوبرد لەكێشـەكانی ئـاوی ناوچـەكە دەكۆڵنەوە بەشێوەیەكی گشتی، كاری ئۆفیسەكە بریتیە لەبەدواداچونی دوراییـی سیاسیی كێشەی ئاو نەك دوراییی ئابوریی كێشەكەو ئەم ئۆفیسە زۆر بەدەگمـەن بایەخ بەو كێشانە دەدا كەدورن لەخەمی سیاسەتی ئـاو. جـا لەبـەر ئـەوەی ئـەو دەرفەتەی لەبەر دەستدایە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی تیۆرتەسـەلو درێژخایـەن دەرفـەتێكی كەمــە، بۆیــە شــیكارانی ئۆفیســەكە، ســەرباری شــیكارانی باڵیۆزخانەكان، ئەو ڕوداوە پڕتـاوو كتوپڕانـە هەڵدەسـەنگێنن كـە بەشـێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاوە هەیە.

ئۆفیسی ئۆقیانوسەكانو كاروبـاری زانسـتیو ژینگـەی نێودەوڵـەتی (OES) بەشداربونی ئەمریكا لەچالاكییە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بەژینگە ڕێكـدەخاو بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵـەتیی ئـەمریكا (USAID)و ئاژانسی ئەمریكاییی پاراستنی ژینگە (EPA)و هەندێ ئاژانسی تردا چاودێریی ڕەوشـی ژینگـە لەهـەمو شـوێنێكی جیهانـدا دەكـا. ئۆفیسـی هـەواڵگریو لێكۆڵینەوەی سەر بەوەزارەتی دەرەوەش (INR) كێشەی ئـاوی ناوچـەكان تـاوتوێ دەكا، بەتایبەتی ئەو كێشانەی كەپەیوەندییان بەكێشەی سنورەوە هەیە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەهەولّە دبلوماسییەکانی تایبەت بەکێشەکانی ئاودا پێشینەیەکی باشی هەیە. باشترین بەڵگەش نەخشە بەناوبانگەکەی جۆنستۆنە لەساڵەکانی پەنجاکاندا. لەلایەکی ترەوە، کەم کردنەوەی بودجەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ئامادەکردنی کارمەندەکانی دەشێ کار بکاتە سەر کارایی وەزارەت لەفۆرمۆلەبەندی کردنی هەڵسوڕانی لەبواری دبلوماسیەتو پلاندانانو شیکردنەوەو هەماهەنگیی بۆ مەودایەکی دور.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاندوە کە بەهۆی کەم کردنەوەی بودجەکەیەوە هەڵسوڕانی هەندێ لەئۆفیسەکان رادەگرێ. جگە لەوە ئەم هەنگاوەی کەم کردنەوەی بودجەو سەرەنجامەکانی کەدەبێتە هۆی تێکهەڵێکش کردنی چەند ئوفیسێك لەگەڵ یەکتریدا، مایەی لاوازکردنی وەزارەتە لەهەوڵەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێودەوڵەتان لەسەر ئاو.

## ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا ( USAID )

ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا (USAID) زۆرترین لێپرسراوەتیی سەبارەت بە پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاوی دەوڵەتە بیانییەکان لەئەستۆ دایە. لەبەر ئەوەش کەئەم ئاژانسە ئاژانسێکی فەرمیی ئەمریکایەو بەرپرسە لەدابین کردنی بودجە بۆ هەوڵەکانی پەرەپێدان، شارەزایییەکی زۆری لەهەمو بوارەکانی بەڕێوەبردنی کاروباری ئاو وەك چاودێری کردنی پیسبونی ئاوو پاراستنی ئاوو سەر لەنوێ بەکارهێنانەوەیو بەڕێوەبردنو پلان دانانو تاوتوێ کردنی هێزی ئاویو دامودەزگا پێویستەکانیو کشتوکاڵی بەراوو خاوێن کردنەوەی ئاوی پاشەڕۆ، لەلا کەڵەکە بووە.

لەو پڕۆژانەی کەئاژانسەکە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەنجامی داوە، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ ساغ کردنەوەی قازانجی بەنداوی مقارن لەسەر روباری یەرموك کەروبارێکە لەڕوی سیاسییەوە کێشەیەکی زۆری لەسەرە. جگە لەمە، ئاژانسەکە بودجەی پێویستی بۆ چاککردنەوەی ئامێرە کارۆئاوییەکانی بەنداوی ئەسوان لەمیسر دەستەبەر کردو لێکۆڵینەوەی پلاندانانیشی بۆ شێوەی دابین کردنی ئاو بۆ

کاروباری ناومالأن‌و خاوێن کردنه‌وه‌ی ئاوی پاشه‌ڕۆو پڕۆژه‌کانی ئاودێریی هه‌ر یه‌ك له‌میسرو ئوردون‌و سوریا ئاماده کرد. ئاژانسه‌که چه‌ندین پڕۆگرامی بۆ دامودەزگای ئاوو ئاوی پاشەڕۆی لەمیسرو ئوردون ئەنجام داوه. لێره‌شدا خشته‌ی ژماره (٣) زیاتر سه‌رنج به‌لای پڕۆژه‌کانی ئاژانسه‌که له‌ناوچه‌که‌دا راده‌کێشێ.

زۆربه‌ی جار ئه‌و پڕۆژانه‌ی که‌ئاژانسی په‌ره‌پێدانی نێوده‌وڵه‌تیی ئه‌مریکا (USAID) بڕیاریان لێ ده‌دا، له‌لایه‌ن کۆمپانیاکانی که‌رتی تایبه‌تی ئه‌مریکاوه، به‌هاوکاریی چه‌ند ده‌زگایه‌کی بیناسازی‌و ئه‌ندازه‌یی‌و دیزاینی وڵاته میوانداره‌که، جێبه‌جێ ده‌کرێ. بڕی ئه‌و کۆمه‌که‌ی که‌ئاژانسه‌که له‌دوتوێی چه‌ند پڕۆژه‌یه‌کدا پێشکه‌شی کردوه که‌په‌یوه‌ندییان به‌کاروباری ئاوی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاسته‌وه هه‌یه، بڕێکی زۆره‌و له‌م بواره‌دا تێبینی ده‌که‌ین که‌بڕه‌که له‌ماوه‌ی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٦ دا خۆی له‌قه‌ره‌ی ٢,٥ ملیار دۆلار ده‌دا.

ئه‌و لایه‌نه‌ی که‌به‌رپرسه له‌هه‌ماهه‌نگیی سیاسه‌تی ئاژانسه‌که، ئۆفیسی ئاسیاو رۆژهه‌ڵاتی نزیکه که سه‌ر به‌ئاژانسه‌که‌یه. جگه له‌مه، ئه‌م ئۆفیسه به‌رپرسه له‌لایه‌نه ته‌کنیکییه‌کانی پڕۆژه‌کانی ئاژانسه‌که له‌بواری ئاو له‌ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا. له‌م هه‌وڵانه‌دا ئۆفیسی پێشخستنی پڕۆژه‌کان‌و ئۆفیسی داهاتی ته‌کنیکی‌و هه‌روه‌ها ئۆفیسه‌کانی تایبه‌ت به‌دۆسیێی هه‌ندێ ده‌وڵه‌تی دیاریکراو، به‌شدارن. ئۆفیسی زانست‌و ته‌کنه‌لۆژیاش سه‌رپه‌رشتیی ئه‌و چالاکییانه ده‌کات که‌تایبه‌تن به‌ئاوی ئاوه‌ڕۆکان‌و ته‌ندروستی.

تا ماوه‌یه‌کی نزیك، ئاژانسی په‌ره‌پێدانی نێوده‌وڵه‌تیی ئه‌مریکا لیژنه‌یه‌کی هه‌بو تایبه‌ت بوو به‌سه‌رچاوه‌کانی ئاو که له‌چوارچێوه‌ی ئۆفیسی ئاسیاو رۆژهه‌ڵاتی نزیك کاری ده‌کرد. ئه‌م لیژنه‌یه وه‌ك سه‌نته‌رێکی زانیاریی فه‌رمی‌و ده‌سته‌یه‌ك بۆ هه‌ماهه‌نگیی شاره‌زایانی بواری ئاوی ئۆفیسه‌که کاری کردووه. ئه‌گه‌رچی ئه‌م لیژنه‌یه ده‌سه‌ڵاتی دیاری کردنی سیاسه‌تی نه‌بووه، به‌ڵام ئه‌ندامه‌کانی لیژنه‌که ئاگاداری پڕۆژه‌کان‌و کاروباره‌کان بون. دواتر، به‌هۆی گۆڕانی ریزبه‌ندیی مه‌سه‌له گرنگه‌کان‌و فراوانبونی چوارچێوه‌ی شاره‌زایی ئاژانسه‌که‌وه له‌بواری په‌ره‌پێدانی سه‌رچاوه‌کانی ئاودا، ئه‌م لیژنه‌یه

هەڵوەشێنرایەوە.

ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا دەستێکی باڵای لەپڕۆژە سەرەکییەکانی ژێرخانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پاکستاندا هەیە. ئەم پڕۆژانە بریتین لەبەرنامەکانی دەستخستنی ئاو کەپێویستیان بەبودجەیەکی زۆر هەیە، سەرباری پڕۆژەکانی ئاوەڕۆو ئاودێری. ئەگەرچی ئاژانسەکە هێشتا هەر خەریکی تەواوکردنی هەندێ پڕۆژەیە لەم دو ناوچەیەدا (وەك ئاوەڕۆی شاری قاهیرە) بەلاّم تا دێ زیاتر جەخت دەکرێتە سەر دابین کردنی بودجە بۆ چالاکییە تەواوکەرەکان وەك کارپێکردن، سەخبێری، کۆمەکی تەکنیکیو راهێنان، جگە لەوەی کەئاژانسەکە دەستی هەیە لەشیکردنەوەی هەندێ کێشەی تایبەت بەپیسبونی ژینگە بەهۆی پیشەسازییەوە.

ئەم پاشو پێش خستنەی مەسەلەکان دوو هۆی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کەژمارەیەك لەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونەتە خاوەنی ژێرخانێکی ئێجگار پێشکەوتو لەبواری ئاودا، بۆیە پاراستنو چاککردنەوەی ئەم دامودەزگایە بۆتە شتێك کە لەپێشی پێشەوەی مەسەلەکانی ترە، وەك لەئوردون وایە کەولاّتێکە لەبواری ئاودا ژێرخانێکی هەرە پێشکەوتوی هەیەوو ئەمەش وای لەئاژانسەکە کرد لەئوردون پتر بایەخ بەلایەنە کارگێڕییەکانی کێشەکانی ئاو بدات.

هۆی دووەم ئەوەیە کەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا ناچار بوو دەست لەپڕۆژە بیناسازییە گرانەکان هەڵگرێت چونکە بودجەی پێویستی لەبەر دەستدا نەبوە، ئەگەرچی زۆریش گرنگو پێویست بوو پەرە بەژێرخانەکە بدرێت. ئەم کەمکردنانەی بودجە کە بەهۆی یاسای گرام- رۆدمان- هۆلنگەرەوە هانای بۆ براوە، بونە هۆی ئەوەی ئاژانسەکە نەتوانێت پەرە بەدامودەزگاکانی ژێرخان بدات، ئەگەرچی لەم بارەیەوە هێشتا هەندێ پڕۆژەی گەورە لەمیسر ئاژانسەکە خەریکی جێبەجێ کردنیانە.

هەندێ جار ئاژانسەکە هیوا لەسەر پێشبینییەکانی ئایندە هەڵدەچنێو ئەو بڕوایەی لەلا پەیدا دەبێ کەدەشێ بودجەی پێویست دەستەبەر بکرێ تاکو بتوانرێ کاریگەری بخرێتە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی دەست بەچاکسازی

لەهەیکەلەکاندا بکەن. هەر بۆ نمونە، لیژنەکانی ئاژانسەکە بەهاریکاریی هەندێ لەدامەزراوە حکومییە بیانییە پەیوەندارەکان، کەوتنە دانانی بەرنامەیەك بۆ دانانی نرخێك بۆ ئاو کەیەکسان بێ بەخەرجیی دابین کردن بۆ هاوولاتی بەمەبەستی وەرگرتنەوەی زۆرترین خەرجی بەڕادەیەك کەپرۆژەکانی ئاو لەکۆتاییدا لەڕوی داراییەوە بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن. ئەنجامدانی دایەلۆگ لەگەڵ حکومەتەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بەئاو لەوانەیە ببێ بەمایەی هاندانی ئەو حکومەتانە بۆ باشتر بەگەڕخستن‌و پاراستنی دەزگاکان، سەرباری ئەنجامدانی مەشق‌و راهێنانی چاکترو دابین کردنی بودجەیەکی باش بۆ کارمەندانی بواری بەگەڕخستنی دامودەزگاکانی ئاو. ئاژانسەکە سەرگەرمی هەوڵدانە بۆ کارکردنە سەر لایەنە پەیوەنددارەکان بۆ چاککردنی رەوشە لەماوەیەکی نزیکداو ئەنجامدانی چاکسازی لەماوەیەکی دوردا.

## وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

## فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا ( USGS )

فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا (USGS) لەساڵی ١٩٩٤ەوە لەڕێگەی بەشی سەرچاوەکانی ئاوی ئۆفیسی نێودەوڵەتیی هیدرۆلۆجیاوە کەبەشێکی سەر بە فەرمانگەیە، زیاتر لە ٩٥ بەرنامەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گرتە ئەستۆ کەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکاو حکومەتەکانی دەوڵەتانی کەنداوی فارس بەشێوەیەکی سەرەکی بودجەی بۆ دابین کردن. ئەم بەرنامەیە گۆڕینەوەی زانیاریی زانستی‌و تەکنیکی‌و وۆرك شۆپ‌و پرۆگرامەکانی کۆمەکی تەکنیکیی گرتەوە.

خشتەی ژمارە ٤ لیستێك پرۆژەی فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی لەماوەی نێوان ١٩٦٤-١٩٨٦ گرتۆتە خۆو سەرباری ئەمەش، ئەم فەرمانگەیە رەنج‌و کۆششێکی زۆری داوە بۆ راهێنانی تەکنیککارە بیانییەکان‌و فێرکردنیان لەبواری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی ئاودا. بەلام لەم دواییەدا ئۆفیسی نێودەوڵەتیی هیدرۆلۆژیا هەڵوەشێنرایەوەو هەر کارێك پەیوەندیی بەسەرچاوەکانی ئاوەوە هەبێ

خرایە سەر ئۆفیسی گەورە بەرپرسی پسپۆرانی ئاوەوە کەیاریدەدەری کاروباری لێکۆڵینەوەو هاوئاهەنگیی دەرەکییە.

فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجی پەیوەندیی بەدارِشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە نیەو هیچ شاندێکیشی لەدەوڵەتەکاندا نیە بەڵام ئەگەر حکومەتێك یان ئاژانسێکی ئەمریکی یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی دابینکەری بودجە داوای لێ بکەن، ئەوا بەشداری لەپرۆژەکاندا دەکا. ئەم فەرمانگەیە دەستێکی باڵای لەلیژنەی هاوبەشی هاوکاریی ئابوریی ئەمریکا- سعودیەدا هەبوو.

بۆ نمونە فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا لەسەر بودجەی ئەم لیژنەیە ئەتڵەسێکی ئاوی ئامادە کرد کەزانیاریی تێدا بوو دەربارەی سەرچاوەکانی ئاو لەسعودیە لەهەمو رویەکەوە. ئەم ئەتڵەسە دەتوانێ یارمەتیی سعودیە بدا بۆ نەخشەدانان بۆ پرۆژەکان لەسەر مەودای دور. هەر بەیارمەتیی لیژنە هاوبەشەکەی نێوان سعودیەو ئەمریکاش فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆژی چەندین بەرنامەی مەشقو راهێنانی بۆ تەکنیککارانی ئاوی سعودیە ساز کردو بەم بەرنامەیە پتر لە ٤٠٠ تەکنیککار لەماوەی دە ساڵ مەشقیان پێ کرا.

فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی روپێوو کۆکردنەوەی زانیاریو شیکردنەوەی ئاوی سەر زەویو ژێر زەوی هاوکاریی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی کردو کۆمەکیشی بەدەزگای سەرچاوە سروشتییەکانی ئوردونو دەزگاکەی دۆڵی ئوردون پێشکەش کرد.

بەپێی یاسای ساڵی ١٩٨٤ لێکۆڵینەوە لەبواری سەرچاوەکانی ئاو، فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا بەو لایەنە داندرا کەهەماهەنگیی کاروباری ئەو دامودەزگایانەی لێکۆڵینەوە دەکا کەبایەخ بەسەرچاوەی ئاوی ئەمریکا دەدەن. یاساکە داوای پێکهێنانی پرۆگرامێکی لێکۆڵینەوەشی لەبواری شیرین کردنی ئاو کردووە. ئەم پرۆگرامە هێشتا بودجەی بۆ دەستەبەر نەکراوە، بەڵام دەشێ سەرنجێکی زۆرتری نێودەوڵەتان بەلای خۆیدا رابکێشێ.

## ئۆفیسی چاكسازی

چـالاكییەكانی ئـەم ئۆفیسـە كـە لەبنەڕەتـدا سـاڵی ١٩٠٢ بەمەبەسـتی پەرەپێـدانی پرۆژەكـانی ئـاودێریی ١٧ ویلایـەتی بەشـی رۆژئـاوای ئـەمریكا دامەزراوە، فراوان كران بەڕادەیـەك كەهەنـدێ لەدەوڵـەتانیش بگرێتـەوە. بەشـی چـالاكیی دەرەكیـی ئـەم ئۆفیسـە، بـەو شـێوەیەی كـە لەفەرمانگـەی روپێـوی جیۆلۆجیی ئەمریكادا پیادە كراوە، تەنها كۆمـەكی تـەكنیكی پێشـكەش دەكـا، ئەویش لەسەر داوای ئاژانسێكی تری ئەمریكاو رێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی دابین كردنی بودجەو دەوڵەتان.

ئـەم ئۆفیسـە بـەهاوكاریی ئاژانسـی پەرەپێـدانی نێودەوڵـەتیی ئـەمریكا ئامۆژگاریی تەكنیكی پێشكەش بـەدەزگای كارەبـای میسـر كـردوە، بەتایبـەتی سەبارەت بەپێویستیی گۆڕینی تۆربابینەكانی سەدی عالیو هەروەها ئامۆژگـاریی وەزارەتی ئـاودێریی میسـری كـردوە سیسـتمێكی میكـانیكی بـۆ كۆكردنـەوەی زانیاریی ئاوی لەحەوزی روباری نیل دابنێت.

هەروەها ئۆفیسی چاكسازی هەمو پرۆژەكانی پەرەپێدانی ئاوی سودانی تاوتوێ كردووەو لێكۆڵینەوەیەكیشی دەربـارەی ئـاوی روبـاری نیـل ئامـادە كـردوە. لـەو بابەتانەش كەئەم لێكۆڵینەوەیـە تـاوتوێی كـردووە قـازانجی چـاككردنی پـرۆژەی ئاودێریی ناوچەی حزیرەیە لەسودانو دەرفەتی تازەكردنەوەیو كەمكردنەوەی ئـەو قوڕو لیتەیەی كەبەنداوی رۆزریس پێكی دەهێنێ.

گومـان لـەوەدا نیـە كـەبڕیاری وەزارەتـی نـاوخۆ سـەبارەت بەسـەرلەنوێ رێكخستنەوەی ئۆفیسی چاكسازی كـار دەكاتـە سـەر چـالاكییەكانی لـەدەرەوەی ئەمریكا، جگە لەوەی كەكەم كردنەوەی ژمارەی فەرمانبەرانو گۆڕینی ئەركەكەی لەجێبەجێ كردنی پرۆژەوە بۆ ئەنجامدانی هەندێ چـالاكی سـەبارەت بەپاراسـتنی كوالیتیی ئاو، پێویست بە سەرلەنوێ دیـاریكرنی رۆڵـی نێودەوڵـەتیی ئۆفیسـی چاكسازی دەكا.

## وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکا

وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمریکا سێ ڕێکخراوی هەیە کەپشتگیریی چالاکییەکانی دەرەوەی وڵات دەکەن. ئەم سێ ڕێکخراوەش ئەمانەن:

١-ئۆفیسی هاوکاریو پەرەپێدانی نێودەوڵەتی

ئەم ئۆفیسە سەرپەرشتیی چالاکییە نێودەوڵەتییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەکاو بەشێوەیەکی سەرەکی بودجەی چالاکییەکانی لەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا وەردەگرێ بەڵام بانکی نێودەوڵەتانیش هەندێ بودجەی بۆ دەستەبەر دەکا، هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی خۆراكو کشتوکاڵ (FAO) و ئەو دەوڵەتانەی کەکاریان بۆ دەکا بودجەی بۆ دابین دەکەن.

یەکێ لەو بەرنامە سەرکەوتووانەی کەئەم ئۆفیسە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێی کردوە پڕۆژەی توێژینەوەی هاوکاریی سێقۆڵیو ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیای کشتوکاڵە. ئەم پڕۆژەیە کەساڵی ١٩٨٤ دەست بەجێبەجێ کردنی کراو بودجەکەی لەسەر ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا بوو، ئامانجەکەی هاندانی هاوکاریی نێوان زاناکانی میسرو ئیسرائیلو ئەمریکایە بەمەبەستی کاراکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی کشتوکاڵ لەهەر یەك لەمیسرو ئیسرائیل. ئەو توێژینەوانەی کەتا ئێستا کراون، زیاتر جەختیان کردۆتە سەر زیادکردنی بەرهەمی سیستمی کێڵگەکانو بەکارهێنانی داوو دەرمان بۆ ڕووەکی بیابانو هەروەها بەرپەرچدانەوەی نەخۆشییەکانو مێشومەگەزو گژو گیای زیانبەخش.

٢-دەزگای پاراستنی خاكو خۆڵ

دەزگای پاراستنی خاكو خۆڵ بەهاوکاریی فەرمانگەی ڕوپێوی جیۆلۆجی بەشدار بوو لەدانانی ئەتلەسی ئاو بۆ حکومەتی سعودیە. پسپۆڕەکانی ئەم دەزگایە خەریکی چەندەها توێژینەوەن دەربارەی ئاودێری لەمیسرو هەروەها دەربارەی ئاو لەئوردون. جگە لەمانە، ئەم دەزگایە چەندان شارەزاو پسپۆری ناردۆتە ئوردون بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی سەبارەت بەتاوتوێ کردنی شێوەی بەڕێوەبردنی لەوەڕگاکانو کاریگەریی بەڕێوەبردنی لەوەڕگاکان لەسەر

بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو.

٣-دەزگای لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی

ئەم دەزگایە بەپێی یاسای گشتیی ژمارە ٤٨٠ی تایبەت بەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا بودجەی بۆ تەرخان کراو بەم بودجەیە توانی سەرپەرشتیی چەندین پڕۆژەی توێژینەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات لەوانە ئەو توێژینەوانەی کە بەهاوبەشی لەنێوان زانا ئەمریکییەکانو زاناکانی ناوچەکە ئەنجام دراوە. جگە لەمە، دەزگای لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی بەشدارە لەبەڕێوەبردنی سندوقی توێژینەوەو پەرەپێدانی کشتوکاڵ کەسندوقێکی هاوبەشە لەنێوان ئەمریکاو ئیسرائیلدا (BARO)و ئامانجەکەی پەرەپێدانی ئاودێریو چاندنی وشکەڵانو چاندنی ئەو رووەکانەیە کەدەتوانن بەرگەی شۆرەکات بگرن، جگە لەهێنانە دیی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ کشتوکاڵ.

ئەم دەزگایە چەندەها پڕۆژەی بەڕێوەبردنی ئاوی ئاودێریی لەمیسر جێبەجێ کردووەو هەروەها لەئوردونیش چەندین لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەچاندنی وشکەڵان ئەنجام داوە.

## وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لەنزیکەوە بەدواداچونی بۆ کێشەکانی ئاو هەیە ئەویش لەڕوی پەیوەندیی ئەم کێشانە بە بەرژەوەندییە سوپاییەکانی ئەمریکاوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ نمونە، گروپی کارکردن بۆ بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی ئاو نەخشە بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هێزەکانی ناو شەڕگە دادەنێو هەوڵیش دەدا ئاو نەبێ بەتوخمێکی گوشار لەکاتی هەڵسوڕانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکاندا.

## ئاژانسی هەواڵگریی بەرگری ( DIA )

ئەم ئاژانسە چاودێری ئەو رەوتانە دەکا کەتایبەتن بەمەسەلەی سەرچاوە سروشتییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەشێوەیەکی تایبەت بایەخ بەسێ

مەسەلە دەدا کەبریتین لەئاو وەك هۆیەکی ململانێی پێشبینکراوو کاریگەریی کەمیی ئاو لەسەر پەرەپێدانی ئابوریو سەقامگیریی سیاسیو ئاسەواری دەستەبەرکردنی ئاو لەسەر ئۆپەراسیۆنە سوپاییەیە بەربلاوەکانی ناوچە وشکەکان.

سالّی ١٩٨٣ ئاژانسی هەوالّگریی بەرگری توێژینەوەیەکی ئاشکرای دەربارەی سەرچاوەکانی ئاوی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست ئەنجام دا. لەم بارەیەوە هەر چی کاری بەسەر ئەو توێژینەوانەوە هەیە کەتایبەتن بەسەرچاوەکانی ئاو، ئۆفیسی جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری رۆژهەلاّتی ناوەڕاستو باشوری ئاسیا سەرپەرشتیی دەکا.

## یەکەی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا

مێژوی ناوبانگی یەکەی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا بۆ دامەزراندنی ئەوەی ناو نراوە وێست پۆینت west point لەسالّی ١٨٠٢دا دەگەڕێتەوە، کاتێك دەرچووانی ئەم کۆلیجە ناوکی شارەزاییی ئەندازەییان لەئەمریکا پێکهێنا. ئەمڕۆ یەکەی ئەندازیاران بایەخ بەهەمو ئەو لایەنە بیناسازیو ئەندازەییانە دەدا کەپەیوەندییان بەپەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە، لەوانە چاودێری کردنی لافاوو تەوژمی ئاو، دابین کردنی ئاو بە بەردەوامی، تاوتوێ کردنی روبارەکانو پاراستنی لێوارەکان.

ئەم یەکەیە بەدەستەیەکی پلاندانانو راوێژ دادەندرێ کە بەپێ داواکانی ئەمریکاو هەندەرانەوە دەچێ. جەنرال ئی. ئار. هایبرگ، لێپرسراوی ئەو کاتەی یەکەی ئەندازیاران، ئەرکەکانی یەکەکەی بەجۆرە باس کردووە:

((ئەوەی کەئێمە وەکو ئامۆژگاری دەیخەینە بەر چاو، دەوەستێتە سەر چەندەها پرنسیپی سەرەکی کەئەمانەن: قازانج لەڕوی ئەندازەییەوە، هەستی ئابوری، هەستیاریی ژینگەکە کەرۆژ بەڕۆژ لەلای ئێمە لەپەرەسەندن دایە)). بەلای جەنرال هایبرگەوە ٣٠٪ی بودجەی یەکەی ئەندازیارانی سوپا بۆ کاروباری تایبەت بەسەرچاوەکانی ئاو تەرخان دەکرێو پتر لەدوو لەسەر سێی کارکەرانی ناو ئەم

یەکەیە (کەژمارەیان دەگاتە دەوروبەری ١٤ هەزار کەس) کارەکـەیان پەیوەنـدیی بەسەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە.

ئەگەرچی ئەم یەکەیە لەڕوی تەکنەلۆژیاو تاوتوێ کردنی قـازانجی پڕۆژەکانـەوە پشت بەتواناکانی خۆی دەبەستێ بەڵام زۆربەی پڕۆژە بیناسـازییەکان کۆمپانیـای تایبەتی خۆماڵیو بیانی جێبەجێی دەکـەن. بـەپێی مەزەندەکارییـەکان ٨ تـا ٩ مليـار دۆلاری بودجـەی ئـەم یەکەیـە کەدەگاتـە ١٠ مليـار دۆلار بـۆ چـەند بەڵێندەرێك دەچێ.

چاکترین نمونەی فراوانیی پڕۆژەکانی ئەم یەکەیە، ئەو کۆمەکەیە کەئەم یەکەیە بەنۆ دەوڵەتی ئەفریقیای بەخشـیوە کـەدەزگای حـەوزی روبـاری نەیجـەریان پێـك هێناوە. ئەم پڕۆژەیە بـەهاوکاریی ئاژانسـی پەرەپێـدانی نێودەوڵـەتیی ئـەمریکا جێبەجێ کراو پڕۆژەکە کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەت بەپەرەپێدانی حەوزەکـەی لێ کەوتەوە. لەڕێی کۆمپیوتەری ناوەندیشەوە رەوشە پێشبینیکراوەکانو گۆڕانکارییە پێویستەکانی وەك دروست کردنی کارگەیـەك بـۆ بەرهـەم هێنـانی وزەی ئـاویو تاوتوێ کردنی شێوازەکانی دەرکردنو جێبەجێ کردنی ئـەم جـۆرە بڕیارانـە، شـی کرانەوە. بەمجۆرە، پڕۆژەکە هـەمو زانیارییـەکی پێویسـت بـۆ دەرکردنـی بڕیـاری پێویست دابین دەکا، ئەویش لەکاتێکدا کەکێبڕکێ بۆ کـۆنترۆل کردنـی سەرچـاوە کەمەکانی ئاو تا دێ دژوارتر دەبێ.

جگە لەمە، کـارێکی تریشـی هەیـە کەئـەم یەکەیـە (پـێش دەرچـونی ئـەم توێژینەوەیە) ئەنجامی داوە، ئەویش پڕۆژەی ئەو بەنداوەیە کەناو نراوە بەنداوی سێ جۆرجەکە (Three Georges Dam) لەو شوێنەی کەروباری بانگتسیی لەچین لێ هەڵدەقوڵێ. نیاز وایە بەم پڕۆژەیە وزەیەکی کارەبـا بـەبڕی ١٣ هـەزار میگـاوات بەرهەم بهێنرێت. جگە لەمە، یەکەی ئەنـدازیارانی سـوپای ئـەمریکا کۆمـەکی پێشکەش بەهیندستان کردوە لەپڕۆژەیەکدا ئامانجەکەی کەم کردنەوەی پیسـبونی روباری گانگرە، جگـە لـەوەی کەئـەم یەکەیـە لەچوارچـێوەی راوێـژدا راسـپاردە پێشکەش بەدەستەی کەناڵی پەنەما دەکا.

### ئاژانسی ئەمریكایی‌ی پاراستنی ژینگەی ( EAP )

ئاژانسی ئەمریكایی‌ی پاراستنی ژینگە لەڕێی ئۆفیسی چالاكییە نێودەوڵەتییەكانەوە كەئۆفیسێكی سەر بەو ئاژانسەیە، پشتگیریی ژمارەیەك لەو پرۆژانەی توێژینەوە دەكا كە لەمیسر لەكاروباری ئاو دەكۆڵنەوە. ئەمە توێژینەوەكانی تایبەت بەپیسبونی پیشەسازی‌و كوالیتیی ئاوی روباری نیل‌و كاریگەرییە ژینگەیی‌یەكانی بەكارهێنانی دەرمانی مێشومەگەز گوزیش دەگرێتەوە.

### دەزگاكان‌و كۆمیتەكان

دەزگاكان‌و كۆمیتە حكومییە ئەمریكییەكان، كە وا لەخوارەوە ناویان هاتووە، نمونەی هاوكاریی فراوانی نێوان ئەمریكاو هەندەرانن لەو پرۆژانەدا كە ئامانجەكانی پەرەپێدانی سەرچاوەكانی ئاوە:

### لیژنەی هاوبەشی ئەمریكا- سعودیە بۆ هاوكاریی ئابوری

ئەم لیژنەیە كە ساڵی ١٩٧٤بۆ كاراكردنی هاوكاری لەبوارەكانی پیشەسازی‌و بازرگانی‌و راهێنانی هێزی كارو كشتوكاڵ‌و زانست‌و تەكنەلۆژیا دامەزرا، رێكخراوێكی دولایەنەیە كە لەبودجەدا پشت ئەستورە بەسندوقەكانی پەرەپێدانی سعودیەو ئەوەی لەسەر ئەمریكاشە پێشكەشكردنی ئامۆژگاری‌و شارەزایی‌ی تەكنیكییە. تا كۆتایی‌ی هەشتاكان خەرجیی چالاكییەكانی ئەم كۆمیتەیە گەیشتە ١٢٥٠ ملیۆن دۆلار. بەهەماهەنگیی وەزارەتی دارایی‌ی ئەمریكاش، كۆمیتەكە توانی سود لەخزمەتگوزارییەكانی زۆرینەی ئاژانسە حكومییەكان وەرگرێ لەوانە وەزارەتەكانی كشتوكاڵ‌و بازرگانی‌و وزەو تەندروستی‌و خزمەتگوزاریی مرۆیی‌و ناوخۆو كارو هاتوچۆ. كۆمیتەكە دەستپێشخەر بوو لەسازكردنی پێداویستییەكانی بەرهەم هێنانی ئەتلەسێكی ئاو لەسعودیە، ئەویش بەسود وەرگرتن لەپسپۆریی فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریكا (USGS) لەم بوارەدا. هەروەها كۆمیتەكە پرۆژەی كشتوكاڵ‌و ئاوی داهێنا

کەپرۆژەیەکە زنجیرەیەك راپۆرتی مۆدێرن دەربارەی سەرچاوەکانی ئاو بلاو دەکاتەوەو بودجەی پێویستیش بۆ توێژینەوە بنچینەییەکانی تایبەت بەپەرەپێدانو بەڕێوەبردنی کاروباری ئاو بلاو دەکاتەوە. ئەم کۆمیتەیە لەگەڵ دەزگای شیرین کردنی ئاوی سوێری سعودیە (کەگەورەترین رێکخراوی تایبەت بەم کارەیە لەهەمو جیهاندا) کاری کردووەو چەندین کاری توێژینەوەو پەرەپێدانی لەبواری بەکارهێنانی وزەی خۆری زۆروزەوەندی ناوچەکە لەپرۆسەی شیرینکردنی ئاوی سوێردا، ئەنجام داوە.

ئەگەرچی کۆمیتەکە دەستێکی بالای لەدامەزراندنی ژێرخانی رایەڵەکانی ئاوی سعودیە هەبو بەڵام دواتر گەرمو گوڕیی کارەکەی رەوییەوە. دابەزینی نرخی نەوت بوە هۆی کەمبونەوەی بودجەی تەرخانکراو بۆ بەرنامەکانی تایبەت بەسەرچاوەکانی ئاو. سەرباری ئەمەش، خەریکبونی هەر یەك لەئەمریکاو سعودیە بەچەند کێشەیەکی ناوچەییی گرنگتر بوە هۆی کەم کردنەوەی بایەخدانی هەردو حکومەت بەم کۆمیتەیە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆمیتەیە وەك نمونەیەکی گرنگی هاوکاریی نێودەوڵەتان لەبواری سەرچاوەکانی ئاو مایەوە.

## سندوقی هاوبەشی ئەمریکا- ئیسرائیل بۆ توێژینەوەو پەرەپێدانی کشتوکاڵ

سندوقی هاوبەشی ئەمریکا- ئیسرائیل بۆ توێژینەوەو پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەساڵی ١٩٧٧ دامەزراو ئامانجەکەی پێشخستنی هەوڵەکانی توێژینەوەو پەرەپێدانی کشتوکاڵە لەهەردو وڵاتدا. ئەم سندوقە لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو لیژنەی راوێژکاریی تەکنیکییەوە هەڵدەسوڕێ کەهەردوو بەشێوەیەکی یەکسان نوێنەریان هەیەو هەردوکیشیان پێکەوە بڕیار دەدەن.

ئەم سندوقە ئەم پێشنیارە کورتخایەنانە (لەدوو ساڵەوە تاکو سێ ساڵ) پەسند دەکا کەدامودەزگاکانی خاوەن شارەزاییی زۆرو ئاژانسە حکومییەکانو ئەو رێکخراوانەی کەمەبەستیان بەدەست هێنانی قازانج نیە، پێشکەشیان دەکەن. سندوقەکە لەماوەی دە ساڵدا دەوروبەری ٦٣ ملیۆن دۆلاری بۆ ٣٧٤ پرۆژەی

توێژینەوەی هاوبەش خەرج کردووە. لەو پرۆژانە، چالاکییەکانی تایبەت بەجەخت کردن لەسەر بەڕێوەبردنی ئاو، شێوەکانی چاککردنی بەرهەمی کشتوکاڵ، پەرەپێدانی چەند چەشنە روەکێك کەدەتوانن بەرگەی بێئاوی بگرن‌و مشورخواردنی خاك‌و خۆڵ.

ئەم سندوقە شێوازێك بوو بۆ دانانی چەند ئامێرێك کە بەکۆمپیوتەر چاودێریی ئاستی شێی خاك‌و خۆڵی دەکردو بەپێی ئاکامی چاودێرییەکە بڕی ئاو کەم دەکرێتەوەو یاخود دەستکاری دەکرێ. جگە لەمانە، چەند توێژینەوەیەکیش دەربارەی پەیوەندیی خاك بەئاوەوە ئەنجام درا لەوانە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پێکهاتەکانی خاك‌و خۆڵ‌و کاریگەریی ئەو پێکهاتانە لەسەر هەلمژینی ئاوو پاشەکەوت کردنی. هەروەها چەند تاقیکردنەوەیەکیش لەسەر بەکارهێنانەوەی ئاو بۆ کشتوکاڵ ئەنجام درا.

## دامەزراوەی زانستیی دوقۆڵیی ئەمریکا- ئیسرائیل

دامەزراوەی دوقۆڵیی ئەمریکا- ئیسرائیل لەساڵی ١٩٧٢دا بۆ تۆکمەکردنی هاوکاریی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە کۆمەکی دارایی پێشکەش بەو توێژینەوانە دەکا کەخەریکی بوارەکانی تەندروستی‌و بایۆلۆجی‌و سۆسیۆلۆژیاو فیزیاو کیمیاو ماتماتیکن. خەرجیی ساڵانەی ئەم دامەزراوەیە بە ٧,٥ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێ.

## کورتەی باس

بەشداربونی ئاژانسە فیدراڵییەکان، دامەزراوەکان‌و کۆمیتە حکومییە ئەمریکییەکان بەڵگەی ئەوەن کەئەمریکا مێژویەکی دورو درێژی لەپەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. ئەمڕۆ حکومەتی ئەمریکا لەسۆنگەی تەرخانکردنی سەرمایەگوزارییەکی دارایی زۆرو زەوەندو بەگەڕخستنی شارەزاییی هەمو ئۆفیس‌و وەزارەتەکانییەوە، بۆتە هێزێکی کاراو کاریگەر لەوێناکردن‌و گەڵاڵەکردنی رەوتەکانی پەرەپێدان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو

بەو چالاکییە فراوانانەی کەئەنجامی داون دەستێکی باڵای هەیە لەگەشەکردنی ئابوریی ناوچەکەو چاککردنی ئاستی گوزەرانو دەستەبەرکردنی رەوشێکی تەندروستتردا.

دەتوانرێ بەئەنجامدانی چاکسازی لەم سێ بوارەی خوارەوەدا، پشتگیری لەهەوڵو کۆششەکانی ئەمریکا بکرێ:

-پلاندانانی درێژخایەن.

-هەماهەنگیی نێوان هەمو ئەو ئاژانسە ئەمریکییانەی کەبایەخ بەسەرچاوەکانی ئاو دەدەن.

-دابین کردنی ژمارەیەکی زۆرتری فەرمانبەران.

سەرەڕای هەوڵەکان، وەزارەتو ئاژانسە ئەمریکییەکان بەدەگمەن پلانی گشتگیر بۆ گیروگرفتە گرنگەکان دادەنێن. ئەو گوشارانەش کەزادەی فاکتەرەکانی کاتو بودجەو دەستی کرێکارن، رێگرن لەبەردەم کارکردن بەشێوەیەکی فراوان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە ناوچەییەکاندا. سەرباری ئەمانە، ژمارەی زۆری ئەو کێشانەی کەپێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە، هیچ ئاژانسێك بەتەنیا دەرەقەتیان نایەت. پسپۆرەکانی حکومەت زۆر بەچاکی سەرودەر لەو پرسیارە گرنگانە دەردەکەن کەپێویستە هەر یەکێکیان وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە بەڵام هەر هەموشیان ناچارن یەکە یەکەو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

جەخت کردن لەسەر پلاندانانی درێژخایەنو دۆزینەوەی هەماهەنگییەکی باشتر دوو مەسەلەی بنەڕەتین. هەروەها پێویستە لیژنەیەك پێك بێ کەهەمو ئاژانسەکان بگرێتەوەو ئەرکی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی پلاندانانی درێژخایەن بگرێتە ئەستۆی خۆی.

هەروەها دۆزینەوەی بنچینەیەکی زانیاریی ناوەندیی تایبەت بەپرۆژەکانی ئاو دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی پەرشو بڵاویی تەقەللاکانو رادەی بەشداربونیش لەزانیاریو پسپۆریدا پەرە پێ دەدا.

لەکۆتاییشدا، مانەوەی کارمەندەکان بۆ ماوەی دورو درێژ لەیەك ئاژانسدا

مەسەلەیەکە پێویستە پەرەی پێ بدرێت چونکە بەم شێوەیە خزمەتێکی باشتر لەچوارچێوەی پرۆسەی دایزاین کردنو راپەڕاندنی پڕۆژەدا مسۆگەرتر دەکرێ. گۆڕینی کارمەندەکان زوو بەزوو بەو مانایە دێ کەئەو پڕۆژەیەی کەگروپێکی کارمەندان نەخشەیان بۆ داناوە، گروپێکی تری کارمەندان جێبەجێی دەکەن. مانەوەی کارمەند بۆ ماوەیەکی زۆرتر مایەی دابین کردنی تۆکمەیی‌یەکی باشترەو دەشبێتە مایەی بەهێزکردنی ((میمۆریی دامەزراوەیی)).

**خشتەی ژمارە (٣)**

**پڕۆژەکانی کۆمەکی تەکنیکیو سەرمایەداری کەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا (USAID) ئەنجامی داونو پڕۆژەکانیش پەیوەندییان بەکێشەکانی سەرچاوەکانی ئاوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە هەیە (١٩٧٥-١٩٨٧)**

| بەهای کۆمەك (بەملیۆن دۆلار) | پڕۆژە | وڵات* |
|---|---|---|
| ١٣ | بەڕێوەبردنو بەکارهێنانی ئاو | میسر |
| ٢٥ | پاراستنی رایەڵەکان | |
| ٩١ | رایەڵی ئاوی قاهیرە | |
| ٨ | بەردانەوەی ئاو بۆ ئاودێری | |
| ١٦٩ | رایەڵی ئاوو ئاوەڕۆ لەشوێنەکانی کەناڵی (قۆناغی یەکەم) | |
| ٦٠ | بەرزکردنەوەی ئاستی نیشتەجێبونو کۆمەکی لۆکال | |
| ٢١٣,٧ | ئاوەڕۆی ئیسکەندەریە | |
| ١٢٩ | ئاوەڕۆی قاهیرە: قۆناغی یەکەم- چاککردنەوە | |
| ٨١٦ | قۆناغی دووەم: دروستکردنی ئاوەڕۆی نوێ | |
| ٢٧ | پڕۆژەی لاوەکیی چاودێری کردنی پیسبونی پیشەسازی | |
| ٧ | پڕۆژەی ئاوی ژێرزەوی، کانەکانو پەترۆل | |
| ١٣٩,٥ | بەڕێوەبردنی سیستمەکانی ئاودێری | |
| ٣ | زانستو تەکنەلۆژیا لەپێناوی پەرەپێداندا | |
| ١٠٠ | چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوەی سەدی عالیی ئەسوان | |

* جگە لەم شوێنانە، ئاژانسەکە چالاکیی تری لەچەندەها وڵاتی تر هەیە وەك مەغریب، تونس، عومانو یەمەن.

| | | |
|---|---|---|
| | پرۆگرامی ناسەنترال لەبواری ئاوو ئاوی بێکەڵکو ئاوی پاشەڕۆ | ٤٠٠ |
| | پەرەپێدانی دامەزراوەی ئاوو ئاوی بێکەڵك | ١٥ |
| | لێکۆڵینەوە دەربارەی پلاندانانی سینا | ١ |
| | بەردانەوەی ئاو بۆ ئاودێری | ٨ |
| | سەرجەم | ٢٢٢٥,٢ |
| ئوردون | لێکۆڵینەوەی قازانجی بەنداوی مقارن | ١ |
| | دیزاین کردنی پرۆسەی ئاودێری لەدۆڵی ئوردون/ بەنداوی مقارن | ١٤ |
| | ئامێری ئاودێری | ٤,٥ |
| | سەرچاوەکانی ئاوی دۆڵی ئوردون | ٥ |
| | سیستمەکانی ئاودێری دۆڵی ئوردونو بەنداوی مقارن | ٩ |
| | تەکنەلۆژیای بەڕێوەبردنی ئاو | ١,٣ |
| | ئاوی بێکەڵك لەعەقەبە | ٧,٥ |
| | ئاوەڕۆی عەممان | ٣٩ |
| | ئاوەڕۆی ئربد | ٥٣,٥ |
| | ئاوەڕۆی زەرقاو رسیفە | ١٥ |
| | گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی | ٥ |
| | بەڕێوەبردنی سیستمەکانی ئاوو خزمەتگوزارییەکانیان | ٢١ |
| | هەڵسەنگاندنی ئاوی ژێرزەوی | ٤ |
| | پرۆژەی خزمەتگوزاریی تەکنیکیو لێکۆڵینەوەی قازانجی پرۆژەکان | ٥ |
| | سەرجەم | ١٨٤,٨ |
| لوبنان | ئاوی خواردنەوە- قۆناغی یەکەم | ٦,٥ |
| | ئاوی خواردنەوەو تەندروستیی ژینگە | ٧,٧ |

| | | |
|---|---|---|
| | فریاکەوتن لەبواری ئاو | ٤ |
| | سەرجەم | ١٨,٢ |
| ئیسرائیل | پڕۆژەی هاوبەشی شیرینکردنی ئاو لەنێوان ئەمریکاو ئیسرائیل | ٢٠ |
| | سەرجەم | ٢٠ |
| لێواری رۆژئاواو کەرتی غەززە | کاری هەمەچەشن سەبارەت بە ئاوو ئاوی بێکەڵك‌و ئاوی باران | ٥ |
| | سەرجەم | ٥ |
| سوریا** | پڕۆژەی دابین ئاو بۆ دیمەشق- قۆناغی دووەم | ١٤,٥ |
| | ئاودێری لەحەوزی فورات | ٧,١ |
| | دابین کردنی ئاو بۆ پارێزگاکان | ١٧,٦ |
| | پڕۆژەی دابین کردنی ئاو بۆ دیمەشق- قۆناغی یەکەم | ٤٨ |
| | سەرجەم | ٨٧,٢ |
| | سەرجەمی هەر هەموی | ٢٥٤٠,٤ |

سەرچاوە: هەردو نوسەر زانیارییەکانی ناو ئەم خشتەیەیان لەو راپۆرتانەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا دەرهێناوە کە لەماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٧ پێشکەش بەکۆنگرێس کراون.

** لەکۆتاییی ساڵی ١٩٨٣دا ئاژانسەکە یارمەتیدانی ئەم پڕۆژەیەی راگرت.

## خشتەی ژمارە (٤)
## پڕۆژەکانی فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا (USGS) لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست (١٩٦٤-١٩٨٦)

| ولاَت | پڕۆژه | لایەنی بەرپرس |
| --- | --- | --- |
| سعودیە | دانانی دەزگای جیۆفیزیکیی تایبەت بەکۆمپیوتەر لەئوردون | USAID |
| سعودیە، ئورودون‌و ئیمارات | یارمەتیدان بۆ پێکهێنانی بانکی زانیاریی ئاوی<br>پڕۆژەی هەلسەنگاندنی ئاوی ژێر زەوی<br>یارمەتیدان لەبواری هەلگرتن‌و وەرگرتنی زانیاریی ئاوی لەسیستمی کۆمپیوتەر لەکۆمپانیای SASی سعودی | USAID<br>حکومەتی سعودیە |
| ئوردون | چاودێری کردنی کوالیتی‌و چاپی کۆتایی‌ی ئەتلەسی ئاو | حکومەتی سعودیە |
| ئیمارات‌و کوێت | یارمەتیدان بۆ پەرەپێدانی ناوچەکانی زۆنگاو<br>یارمەتیدان بۆ کۆنترۆلَ کردنی کوالیتی‌و چاپی کۆتایی‌ی ئەتلەسی ئاو | حکومەتی سعودیە |
| | یارمەتیدان بۆ پڕکردنەوەی ئەمباری ئاوی ژێرزەوی | حکومەتی قەتەر |
| | یارمەتیدان بۆ چاپی کۆتایی‌ی ئەتلەسی ئاو | حکومەتی سعودیە |
| | پێداچونەوەو کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەت بەپڕۆژەی راپۆرتی ئامار | حکومەتی سعودیە |
| | یارمەتیدان لەشیکردنەوەی ئۆرگانێکی‌و شیکردنەوەی ئامارەکان | USAID |

| | | |
|---|---|---|
| | یارمەتیدان بۆ دانانی دەزگای چاودێری کردنی کەشو چۆنێتیی بەکارهێنانو چاککردنەوەی پێداچونەوەو دارشتنی پرۆژەکە | حکومەتی سعودیەو ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکا |
| | هەڵسەنگاندنی پرۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە سەرچاوەکانی ئاو | فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا |
| | پرۆژەی ئاوی ژێرزەویی باکوری ئوردون | USAID |
| | هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی ئاو لەئیمارات‌و پێشکەشکردنی راوێژ بەکوێت دەربارەی سەرلەنوێ پرکردنەوەی ئەمبارەکانی ژێر زەویی ئاو بەشێوەیەکی دەستکرد. | حکومەتی ئیمارات‌و حکومەتی کوێت |

سەرچاوە: هەمو ئەو زانیارییانەی لەم خشتەیەدان لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرێز مارشال موس، یاریدەدەری گەورەی شارەزایانی ئاو لەفەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیی ئەمریکا لەواشنتنی پایتەخت لە ١٣ی ئابی ١٩٨٦ دەست هەردوو نوسەر کەوتون.

## بەشی چوارەم

# رۆڵی تازەی حکومەتی ئەمریکا

ئایا حکومەتی ئەمریکا چۆن پێی بکرێ بەشێوەیەکی گورجو گۆڵو کاریگەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەدا بکا کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تاوتوێمان کردون. نوێنەرانی حکومەتو کەرتی تایبەتی ئەو هاوولاتییە ئەمریکییانەی کە بەشدار بون لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەئامادەکردنی ساڵێکی خایاندووە، وەهای دەبینن کەپێویستە لەسەر ئەمریکا هاوئاهەنگ بێ بەشێوەیەکی چڕ لەگەڵ هەوڵو تەقەللاکانی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

جا بۆ هێنانە کایەی ئەم مەرامە، رادەسپێرین ئەمریکا جەخت بکاتە سەر چوار پرسی سەرەکی کەئەمانەن:

-پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئاو.

-پشتگیری کردنی هەوڵو تەقەللاکانی تایبەت بەدابین کردنی کارگێڕانێکی بەدەستوبردترو کارامەترو پێڕۆکردنی ستراتیجی دەست بەئاوەوە گرتن بەشێوەیەکی چێتر.

-چاککردنی هاوئاهەنگیی نێوان هەمو ئاژانسە ئەمریکییەکانی تایبەت بەکاروباری ئاو.

-تەرخانکردنی بایەخێکی زۆرتر بۆ توێژینەوەو پلانداانان لەسەر ئاستی دورو فراوان.

ئەم ئامانجە بەهێنانە کایەی هەندێ گۆڕانی ریشەییو دەستکاری کردنی پڕۆگرامەکان، کە وا لێرە لەخوارەوە دەچینە سەری، دێنە دی. ئەم تەگبیرانەش

بەخەرجییەکی کەمتر جێبەجێ دەکرێن‌و داهاتێکی زۆرتریش بەدەستەوە دەدەن. ئەگەر ئەمڕۆ وەبەرهێنانی بچوك‌و کارا دابندرێ، لەئایندەدا پێویست ناکا کۆمەکی زۆر پێشکەش بکرێ‌و لێرەدا زۆر گرنگە کۆنگرێس درك بەدوراییەکانی قەیرانی پێشبینکراوی سەرچاوەکانی ئاوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات‌و پێویستە لەم رووەوە پشتگیری لەهەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا بکا. بۆیە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌و نێودەوڵەتی (CSIS) دەڕوانێتە کارکردن لەگەڵ کۆنگرێس‌و دەسەڵاتی راپەڕاندندا بۆ هەموارکردنی راسپاردەکانی خوارەوەو جێبەجێ کردنیان.

## ئەو ئەرکانەی کەدەبێ حکومەت لەسیاسەتیدا جەختیان بکاتە سەر جەخت کردنە سەر پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی ئاو

ئەگەرچی تەکنەلۆژیا هەتوانی چارەسەرکردنی یەکاویەکی گیروگرفتەکانی ناوچەکە نیە بەڵام پسپۆرە پەیوەندارەکانی ئەم بوارە وەهای دەبینن کەتەکنەلۆژیا دەتوانێ تین‌و تاوی فشاری سەر سەرچاوەی ئەمڕۆی ئاو کەم بکاتەوە. تەکنەلۆژیای پێشکەوتو گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەویش لەبەر چەند سۆنگەیەك، بەتایبەتی کەشیرین کردنی ئاوی پاشەڕۆو سوێر بڕێکی گرنگی سەرچاوەکانی ئەمڕۆی ئاو زیاد دەکا.

ئەگەرچی سەرمایەی پێویست بۆ وەبەرهێنان لەشیرین کردنی ئاوو خەرجییەکانی وزەی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی شیرین کردن وا دەکا زۆرێك لەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕۆستی پرۆژەی ئەم بوارە نەیەن، بەڵام چاککردنی تەکنیکی شیرین کردن- بەتایبەتی ئەوەی کەپەیوەندیی بەکەم کردنەوەی خەرجییەکانی وزەوە هەیە- دەتوانێ لەئایندەدا بەسودترو گونجاوتری بکا.

پێویستە بایەخێکی زۆریش بەپاراستنی ئەو سەرچاوانە بدرێ کەئەمڕۆ هەن‌و فراوانیش بکرێن. هەر بۆ نمونە، هێنانە کایەی تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتو بۆ سەرلەبەر بەکارهێنانەوەی ئاو دەکرێ سەرچاوەیەکی باشی تازە بێ بۆ ئاو.

ئەگەرچی ئەو ئاوەی کەسەرلەنوێ بەکار دەهێنرێتەوە، ئێستا بۆ کشتوکاڵ بەکار دێ بەڵام خۆ دەکرێ هەوڵو کۆششی پاشەڕۆژ بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئەوە بگیرسێتەوە کەئەم ئاوە تەنها بۆ ناومالآنو هەروەها بۆ پیشەسازی سودی لێ وەربگیرێ. بەشێوەیەکی گشتی، پێویستە ئەم شێوازانەی پەیداکردنی ئاو کەم خەرجی بنو بەپێی بارودۆخی لۆکال هانایان بۆ ببرێ.

لەم روەوە چاودێری کردنی پیسبونی ژینگە بەشێوەیەکی باشترو بایەخدان بەئۆپەراسیۆنەکانی خاوێن کردنەوەی ئاو دەبنە هۆی پاراستنی کوالیتیی ئاو. پیسبونی داهاتی ئاوی سەر زەویو ژێر زەوی لەسۆنگەی بەکارهێنانی ئاو لەکشتوکاڵو ناومالآنو پیشەسازی، لەچەندەها دەوڵەتی رۆژهەلآتی ناوەڕاست کێشەی زۆری لێ دەکەوێتەوە. هەروەها دەبێ تەکنیکی خاوێن کردنەوەی ئاوی پیس پەرە پێ بدرێتو پێویستە مادده پیسکەرەکان لەناو ببرێن بەر لەوەی بگەن بەسەرچاوەکانی ئاوو هەروەها پێویستە بایەخێکی تایبەت بەوزەی خۆر بدرێ کەوزەیەکە زۆر بەفراوانی لەناوچەکەدا هەیەو دەکرێ لەئۆپەراسیۆنی خاوێن کردنەوەی ئاوی پاشەڕۆدا کەڵکی لێ وەربگیرێ.

جگە لەمانە، پێویستە تەکنەلۆژیای پێشکەوتو لەبواری کشتوکاڵدا پەرە پێ بدرێ. دیارە سیستەمەکانی ئاودێری بەدڵۆپەو بەجۆگەڵە هەڵبەستن پرۆسەی بەکارهێنانی ئاو رێکدەخەن. بەمجۆرە، ئەم شێوازانەی ئاودێری بەفیڕۆچونی ئاو لەڕێی بەهەڵم بونەوە کەم دەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە، چاککردنی تۆرەمەی هەندێ رووەكو داهێنانی بەروبومی گرانبەها مایەی زیادکردنی قازانجە ئابورییەکانی سەرچاوە کەمەکانی ئاو دەبێ.

حکومەتی ئەمریکا هەمیشە لەهەوڵداندایە بۆ دۆزینەوەی چەندین رێوشوێن بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا لەڕێی لیژنەو دامودەزگا هاوبەشەکانەوە. لەتوانا دایە پەرە بەم دەستپێشخەرییانە بدرێ تاکو چەند پراکتیزەکردنێکی تەکنیکی فراوانتر بگرێتەوە وەك کەم کردنەوەی خەرجیی پرۆسەی شیرین کردنی ئاوو بەکارهێنانی وزەی خۆر لەتەکنەلۆژیای ئاوو چاککردنی رەوشی کشتوکاڵ.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێت کەتەکنەلۆژیای پێشکەوتو هەمو جار بەڕێگە

چارەیەکی گونجاوو باش داناندریّ چونکە ئۆپەراسیۆنە ئالۆزەکانی وەك ئاودێری کردن بەدڵۆپە بەبێ کەسانی تەکنیککاری راهێنراوو شارەزای بەکارهێنانی سیستمی ئاودێریی دڵۆپە بەڕێوە ناچێ. تەکنەلۆژیا تەنها لەو کاتەدا ئەرکێکی ژیانیی پێ جێبەجێ دەکرێ کە بەداناییی بەکار بهێنرێو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئابوریی وڵات لەبەرچاو بگیرێت.

## هاندانی حکومەتە بیانییەکان بۆ هێنانە کایەی بەڕێوەبردنێکی لێوەشاوەتر بۆ سەرچاوەکانی ئاوو پیادە کردنی ستراتیجێکی کارامەتر بۆ پاراستنی سەرچاوەکان

پسپۆرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەمریکا هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کەگیروگرفتە ئاوییەکانی ناوچەکە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی داهاتی ئاوە، سەرباری زیادبونی داوا لەسەر ئاو. ئەو دەوڵەتانەی کەئەم توێژینەوەیە لێی کۆڵیونەتەوە، بەئەندازەی جیا جیا گیریان خواردووە بەدەست مشورنەخواردنی دامودەزگاکانی ئاوو دیزاینی خراپی پڕۆژەکانی ئاوو بونی کارمەندی ناکارا لەدامودەزگا ئاوییەکاندا. ئەم سێ گرفتەش بەیەکترییەوە بەستراونەتەوەو هەر یەکێکیشیان کار دەکاتە سەر ئەوی ترو ئەمە دەبێتە هۆی زیادبونی گوشار لەسەر ئەو داهاتانەی ئاو کە لەبنەڕەتدا کزو کەمن.

مەترسیدارترین ئەم گیروگرفتانە نەبونی کادیری کارامەیە کەبتوانێ ژێرخانی دامودەزگاکانی ئاو بەکار بێنێو چاکیان بکاتەوە. هەروەها نەبونی هیچ فاکتەرێکی هاندەر بۆ هێشتنەوەی ئاستە بەرزەکانی کارکردنو دابەزینی ئاستی موچەکانو نەبونی هاندان بۆ سەقامگیرکردنی لێپرسراوەتیی پیشەیی، هەمو ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کەدژوارییەکی زۆر دەخەنە بەردەم بەردەوامبونی فەرمانبەران لەسەر کارەکانی خۆیان. سەرباری هەمو ئەمانە، گیروگرفتە ماددییەکانی سیستمەکانی ئاو دژواریی تر دەخەنە سەر دژوارییەکانی تایبەت بەژێرخان. هەر بۆ نمونە، لەناوچەکانی نیشتەجێبوندا لەبەر دزەکردنی ئاو لەرایەڵو بۆرییەکانی ئاوو بەهۆی ئەو پیسبونەی کەئاوی پاشەڕۆی خاوێن نەکراو یاخود ئاوی پاشەڕۆی باش خاوێن نەکراو دروستی دەکا، بڕێکی زۆری ئاو بەفیڕۆ

دەڕوا. هەندێ لەدامودەزگا پیشەسازییەکانیش تەکنەلۆژیایەکی وا بەکار دەهێنن کەپێویستی بەبڕێکی زۆری ئاوە بەچەشنێك کەئەو بڕە زۆرەی ئاو لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکەدا ناگونجێت.

سەرباری ئەمە، نەخشەدانانی سەرەتاییی لاوازی دیزاینی پرۆژەکـان کێشـەی زۆرتر دەنێتەوە. ئەمەش لەپرۆژە گەورەکانی ئاودێریدا بەدیار دەکەوێ. بـۆ نمونـە، نەخشەدانانی نادروست لـەعیراقو ئەنجامـدانی پرۆژەکـانی ئـاودێری بـەجۆرێکی نەگونجاو بوە هۆی دەست هەڵگرتن لەقەڵەمڕەوێکی فراوانـی زەوی لەدەشـتەکانی باشوری عیراق.

لەمیسریش سیستمە چەوتەکانی ئاوی پاشەڕۆ بونـە هـۆی دزەکردنـی ئـاوی بێکەڵك بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانو ئەمەش کێشەی گەورەی لەڕوی سـوێرکردنی خاكو خۆڵەوە لێ کەوتەوەو چەندان گیروگرفتی تەندروستیی لێ دروست بوو.

پێویستە لەسەر ئەمریکا دەستپێشخەری بۆ سازکردنی پرۆگرامێکی مەشقو راهێنان بکات بـۆ ئاشـناکردنی پسـپۆڕەکانی ناوچـەکە بەشـێوەی بـەڕێوەبردنی پێشکەوتوی ئاوو شێوازەکانی بەفیڕۆنەدانی ئاو. ئەم پرۆگرامەی مەشقو راهێنانی فراوان ناوچـەکە هـان دەدا پشـت بـەخۆی ببەسـتێ. دیـارە لـەم روەوە ئاژانسـی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئـەمریکاو ئۆفیسـی چاکسـازیو فەرمانگـەی روپێـوی جیۆلۆجی شارەزاییی‌یەکی زۆریان لەبواری مەشق پێکردنـی کارمەنـدانی میسـر، ئوردون، سعودیە، سودانو چەند دەوڵەتێکی تر هەیە.

هەروەها پێویستە لەسەر حکومەتی ئەمریکا پشت بەم پرۆگرامانەی ئێسـتا ببەستێ بۆ فراوانکردنی راهێنانو لەم بارەیـەوە پێویسـت بەدەستپێشـخەریی تـر ناکات.

## چاککردنی رەوشی هاوئاهەنگیی نێوان ئاژانسە ئەمریکییەکانی تایبەت بەمەسەلەکانی پەرەپێدانی کاروباری ئاو

زۆر پێویستە ئاستی هاوئاهەنگیی ئێستای نێـوان ئاژانسـە حکومییـەکانی تایبەت بەکاروباری ئاو پەرە پێ بدرێ. یەکێ لـەهۆکانی پێویسـتیی بـونی ئـەم چەشنە هاوئاهەنگییە رایەڵی فراوانی هەڵسوڕانو چالاکیی ئەم ئاژانسەو زۆریـی

ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەیە کەمشوری کاروباری ئاو دەخۆن. پسپۆڕانی حکومەتی ئەمریکا دان بەوەدا دەنێن کەئەوان لەتواناياندا نيە هەمان ئەو کارانە بکەن کەپسپۆڕەکانی دامودەزگاکانی هاوشێوەی دەزگاکانی ئەوان دەيکەن. ئەمەش بەو واتايە دێت کەبەپێی پێويست کارمەندی کارامەو بەتوانا چنگ ناکەوێ. لەم بارەيەوە تەنها يەك ليژنەی هاوبەش هەيە کەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەڵەتيی ئەمريکا (USAID) و وەزارەتی دەرەوەی ئەمريکا پێکەوە کۆ دەکاتەوەو تايبەتيشە بەکاروباری سەرچاوەکانی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بۆيە، دەبێ پرۆسەيەکی ناوەندی بۆ يەکخستنی سياسەتەکانو دانانی بەرنامەو پلاندانانو کۆکردنەوەی زانياری دەربارەی پڕۆژەکانی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابندرێ. بەمەش پسپۆرەکان دەتوانن کاروباری پێشوو هەڵسوڕێننو پسپۆرانی دامودەزگا نەتەوەيیيەکانی تريش لەکاروباری ئەمڕۆو پڕۆژەکانی پاشەڕۆژ ئاگادار بکەنەوە.

## هاندانی توێژينەوەو پلاندانانی درێژخايەن بۆ دەستنيشان کردنی ئەو کێشانەی کەدەشێ سەر هەڵبدەنو پێشنيارکردنی ڕێگەچارەی گونجاو

حکومەتی ئەمريکا هەميشە پێويستی بەئامرازو توانای ئەنجامدانی توێژينەوەی مەودا دور بوە دەربارەی ڕەهەندەکانی تايبەت بەسەرچاوەکانی ئاو لەمەيدانی نێودەوڵەتاندا. تەنانەت کاتێك ئاژانسێك بەشێکی تێدا بێ تايبەت بێ بەتاوتوێ کردنی کێشەکانی ئاو، ئەوا زۆر بەدەگمەن نەبێ بايەخێکی ئەوتۆ بەتاوتوێ کردنی ڕەوشی ئايندە نابێ. فشاری بودجەو دەستی کرێکار بۆتە هۆی پيادەکردنی ميتۆدێك کەتەنها پشت بەکاردانەوە دەبەستێو هيچ پەيوەنديی بەتوانای پێشبينی کردنی سەرهەڵدانی تەنگژەيەکەوە نيە کە بەدڵنياييیەوە هەر سەر هەڵدەدا، چ جا پەيوەنديی بەهەوڵی ڕێ لێ گرتنی تەنگژەکەوە هەبێ.

لەبەر ئەوە، زۆر پێويستە دەستبەجێو دەمو دەست بناغەيەك بۆ هەڵسوڕانی پرۆسەيەك دابندرێ کە بەهۆيەوە مەزەندەکارييەکی درێژ خايەن دابندرێو

کۆبەندێکیش بۆ ئەو دەستپێشخەرییانە ساز بکرێ کەدەبێ لەپاشەڕۆژدا ئەنجام بدرێن. هەروەها دەبێ لەوە بکۆڵدرێتەوە کەئاخۆ پرۆگرامە پێشنیارکراوەکان چەند ریالیستو کاران وەك پرۆگرامەکانی هێڵی بۆرییەکانی ئاشتیی تورکیاو بەنداوی وحدە/ مقارنی ئوردون.

دانانی پلان شتێکی فرە گرنگە. چاکترین نمونەی ئەم چەشنە پلاندانانەش ئەو میتۆدەیە کەبەرامبەر بەبرسێتیو وشکەساڵ پەیڕەویی لێ کرا. لەم سەروبەندەدا لەساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥ لەکاتی سەرهەڵدانی برسێتی لەئسیوپیا، سیستمێك بۆ هشداریی خێرای تایبەت بەبرسێتی (FEWS) داهێنراو ئەم سیستمە کەبارەگاکەی لەئۆفیسی سەرچاوە تەکنیکییەکانی سەر بەئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا بوو، سودێکی زۆری لەزانیارییەکانی ئاژانسی گەردونی ئەمریکا (NASA)و فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجی (USGS)و فەرمانگەی ئۆقیانوسەکانو ئاسمانی نیشتمانی (NOAA)و هەندێ سەرچاوەی تر وەرگرت بۆ بەدواداچونی بارودۆخی هەشت وڵاتی ئەفریقیو پاشان لەسە بنەمای ئەو زانیارییانە پێشبینیی روادنی وشکەساڵییەکی تری لەئەفریقیا کرد.

# راسپاردەکان

بەپشت بەستن بەئەنجامەکانی پێشو، ئەم راپۆرتە حکومەتی ئەمریکا رادەسپێرێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵ بنێت:

١-پێکهێنانی دەستەیەکی هەماهەنگی بۆ حکومەتی ئەمریکا:

دەبێ دەستەیەکی ناوەندی بۆ هەماهەنگی کەپێویستە سەر بەحکومەتی ئەمریکا بێ پێك بهێنرێو ئەرکەکەی بایەخدان بێ بەتوێژینەوەکانی ئاو و بەرنامەکانی پەرەپێدان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەم دەستەیە زانیارییەکان بژار دەکاو لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانە، حکومەت بڕیار لەسەر جۆری ئەو هەنگاوانە دەدا کەتایبەتن بەکێشەکانی ئاو.

ئەم دەستەیە کەدەکەوێتە یەکخستنی کاری تەواوی ئاژانسە حکومییەکان، دەبێ ئەو لایەنە بەرپرسە بێ لەئاگادارکردنەوەی حکومەتی ئەمریکاو زوو ئامادەکردنی بۆ روبەڕبونەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو. ئەمەش دور نیە لەلێپرسراوەتیی ئاژانسە مشورخۆرەکانی دیو لەهەمان کاتیشدا ئەم کارە نابێتە تەسك کردنی لێپرسراوەتیی ئەو ئاژانسانە چونکە وەزارەتی دەرەوە بەردەوام دەبێ لەسەر داڕشتنی سیاسەتێکی تێکڕایی بەیارمەتیی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی ئەمریکا. هەروەها فەرمانگەی روپێوی جیۆلۆجیو ئۆفیسی چاکسازی هەر بەردەوام دەبن لەسەر پێشکەشکردنی یارمەتیی تەکنیکی. ئەم دەستە پێشنیارکراوە تێنو تاوێکی تر بەهەوڵو تەقەللاکانی حکومەت دەبەخشێتو ئەرکە سەرەکییەکەی بریتی دەبێ لەبەدواداچونی گرفتەکانو دانانی رێگەچارە، نەك دانانی بەرنامەی نوێ. بەجۆرە، کارکردنی ئەم دەستەیە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ئەمڕۆ سەقامگیر دەکەن.

هەروەها پێویستە لەسەر دەسەلاتی راپەڕاندن ئاژانسێك لەناو حکومەتی ئەمریکادا دروست بکات بۆ نواندنی رۆڵی سکرتاریەتی گشتیی دەستە پێشنیارکراوەکەی هەماهەنگی. پێویستە ساڵ بەساڵ راپۆرتێك بەپشت بەستن بەزانیارییە نهێنیو نانهێنییەکان پێشکەش بەکۆنگرێسو دەسەلاتی راپەڕاندن بکرێ.

٢-دانانی بەرنامەیەکی ئەمریکیی تایبەت بەئاو لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ زیاتر پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی بواری ئاو:

ئەم بەرنامە فرە لایەنە دەکرێ هاوشێوەی لیژنەو دامودەزگا هاوبەشەکانی ئێستا بێو ئەم بابەتانە دەگرێتەوە کەپەیوەندییان بەژمارەیەکی زۆر کێشەی تەکنیکییەوە هەیە لەوانە چاودێری کردنی پیسبونی ژینگە، کشتوکاڵ، سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئاوو بەکارهێنانی وزەی خۆر لەتەکنەلۆژیای ئاودا. گونجاویشە جەخت بکرێتە سەر ئەو توێژینەوانەی کەپەیوەندییان بەناوچەکانی بیابانەوە هەیەو ڕەخساندنی هەلی پراکتیزەکردنی ئەو توێژینەوانە لەهەر یەك لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باشوری رۆژئاوای ئەمریکا. لەچوارچێوەی ئەم بەرنامەیەشدا چەند توێژینەوەیەك لەبواری سۆسیۆلۆژیای تایبەت بەدوراییی مرۆییی کێشەکانی ئاو ئەنجام دەدرێ.

بۆ زیادکردنی کاراییی بەرنامە پێشنیارکراوەکەش، دەکرێ چالاکییەکان لەچوارچێوەی دەستەی ناوبراوو هەماهەنگیدا ئەنجام بدرێن. سکرتاریەتی گشتیی دەستەی هەماهەنگیش کاری سکرتاریەتی ئەم بەرنامەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

ئەم بەرنامەیە نابێ هیچ دوراییی‌یەکی سیاسیی هەبێو هەروەها دەبێ چەند پسپۆرێکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك نوێنەرانی حکومەتەکانی خۆیان، سەرباری شارەزاییی‌یان لەبواری ئاودا، بەشداری لەو بەرنامەیەدا بکەن. هەروەها دەبێ کۆمەڵێك دامەزراوی ئەکادیمیو دامەزراوەی کەرتی تایبەتی ئەمریکا بەشداریی تێدا بکەن. هەمو دەوڵەتە بەشدارەکانیش پشکیان لەتوێژینەوەکاندا دەبێو ئەم توێژینەوانەش نابێ پەیوەندییان بەپرۆسەی ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیلەوە هەبێت.

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری بودجەی پێویستی بەرنامەکە پشت بەو بودجەیە دەبەستێ کەکۆنگرێس ڕەزامەندیی لەسەر نیشان دەدا، بەڵام پێویستە لەسەر دەوڵەتە بەشدارەکانیش بەشداری لەدابین کردنی بودجەی بەرنامەکەدا بکەن، ئەویش بۆ دانانی بناغەیەکی پایەدار بۆ بەرنامەکە تاکو بتوانێ پەیامە گرنگەکەی خۆی جێبەجێ بکات.

# پێڕست

پێشەکی ........................................................................................ ٣

**بەشی یەکەم:** تێڕوانینێکی گشتی بۆ کێشەی ئاو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ..... ٧

**بەشی دووەم:** تێڕوانینێکی گشتی بۆ پرۆژەکەی پرۆگرامی لێکۆلینەوەکانی رۆژهەلاتی نزیك ........................................................................ ٢٥

**بەشی سێیەم:** ماك و گەوهەری سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە سەرچاوەکانی ئاو ........................................................................ ٣٥

**بەشی چوارەم:** رۆلی تازەی حکومەتی ئەمریکا ........................................ ٥٧

راسپاردەکان ........................................................................................ ٦٤



ئەم کتێبە زانیاریی وردی دەربارەی کێشەی ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێدایەو لەهەمان کاتیشدا ڕوانینی ئەمریکا سەبارەت بەم کێشەیە ڕون دەکاتەوە. وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەشێکە لەهەوڵدان بۆ سەرنج ڕاکێشان بەلای مەترسیداریی کێشەی کەم ئاوی لەناوچەکەدا کە پێشبینی دەکرێ لەم سەدەیەدا زۆر تەشەنە بسەنێ و ئەگەر چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە پێشبینی دەکرێ ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە.

کوردستان بەدەر نیە لەم کێشەیە، بەتایبەتی کەزۆربەی سەرچاوەکانی داهاتی ئاوی هەرێم لەدەرەوە دێن و ئەمەش ڕەوشێکی وا دروست دەکا کە باڵادەستی زیاتر بۆ ئەو وڵاتانە بێ کەدەوڵەتی سەرچاوەن. جگە لەمە، زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و هەوڵە تەرخانکراوەکان بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ لەهەرێم دا، کارێکی وەها دەکەن کەهەرێمی کوردستان پێویستی بەبڕێکی زۆرتری ئاو هەبێ. لەم ڕووەوە هەرێمی کوردستان پێویستی بەستراتیجێکە بۆ پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو کەئەمەش ئەرکی حکومەت و دەزگا پەیوەندارو دامەزراوە زانستی و ئەکادیمییەکانە.

نرخ ( 3000) دینار